# دیاردەی بارمتەگرتن لەلایەن پارتە سیاسییەکانی باشوری کوردستان 1980 – 1988 (پ. د. ك) (ی. ن. ك) (پاسۆك) بە نموونە

**ID No. 3703**

(PP 37 - 52)

https://doi.org/10.21271/zjhs.25.3.3

**كاروان جوهر محمد**    **بارزان محمد علی**

بەشی مێژوو- كۆلێژی ئاداب / زانكۆی سەڵاحەدین-هەولێر

karwan.mohammad@su.edu.krd    barzan.ali@su.edu.krd

**وەگـــــــرتن : 2020/08/12**

**پەسندكردن : 2021/03/09**

**بڵاوكردنەوە : 2021/06/16**

**پوختە**

پرسی بە بارمتە گرتن لە نێو هێزە سیاسییەکانی باشووری کوردستان زیاتر دوای ساڵی 1980 لە بارودۆخێکی سەخت و دژواری سیاسیدا، بەقۆستنەوەی ئەو هەڵومەرجە ناسەقامگیرییەی بەهۆی جەنگی (عێراق – ئێران) هاتەوە ئاراوە، بە جۆرێك دیاردەی بارمتەگرتنی کەسانی حزبی و سەربازی عێراقی و پسپۆڕانی بیانی خۆی خزاندە ناو کارو چالاکییەکانی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە باشوری کوردستان، بەمەش هێزە سیاسییەکانی کوردستان بە بیانووی گەمارۆی ڕاگەیاندن لە لایەن حکومەتی عێراق و گەیاندنی دەنگی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد لە ڕێگای بە بارمتەگرتنی هاوڵاتیانی ڕۆژئاوایی بە ڕای گشتی جیهان، دەستیان دایە ئەو کارە. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی سۆسیالیستی کوردستا-ن پاسۆك، بەنموونە وەرگیران و باسیان لێکراوە.

**وشە سەرەكییەكان:** بارمتە، هێزە سیاسییەکان، گفتوگۆ، یاداشت، ئازادکردن.

## 1. پێشەكی

ئەگەرچی توێژینەوە لە بابەتێکی وەك (بارمتەگرتن) کارێکی گرنگ و پێویستە، بەڵام لەهەمان کاتدا بابەتێکی سەخت و دژواریشە، چونکە دیاردەی بارمتەگرتن کۆمەڵێك ئامانج و لێکدانەوەی وای لەخۆگرتووە کە هەرچی چۆن تاوتوێ بکرێت و لێك بدرێتەوە ئەنجامێکی ئاڵۆز بە دەستەوە دەدات، پرسی بە بارمتە گرتن لە نێو هێزە سیاسییەکانی باشووری کوردستان زیاتر دوای ساڵی 1980 لە بارودۆخێکی سەخت و دژواری سیاسیدا، بەقۆستنەوەی ئەو هەڵو مەرجە ناسەقامگیرییەی بەهۆی جەنگی (عێراق – ئێران) هاتەوە ئاراوە، بە جۆرێك دیاردەی بارمتەگرتنی کەسانی حزبی و سەربازی عێراقی و پسپۆڕانی بیانی خۆی خزاندە ناو کارو چالاکییەکانی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە باشوری کوردستاندا.

لە ڕاستیدا لەبەر فراوانی سنوری توێژینەوەکە توێژەرانی ناچار بە هەڵبژاردنی ئەم سێ پارتە سیاسییە کرد لە ژێر ناونیشانی (دیاردەی بارمتەگرتن لەلایەن پارتە سیاسییەکانی باشوری کوردستان 1980 – 1988 (پ.د.ك) و (ی.ن.ك) و (پاسۆك) بە نموونە).

هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ : گرنگی و هەستیاری بابەتەکە و ناساندنی ئەم دیاردەیە وەکو شێوازێکی نوێی خەبات لەلایەن پارتە سیاسییەکان ، لەگەڵ ئەوانەشدا هۆکاری سەرەکی هەڵبژاردنی بابەتەکەش بۆ نەبوونی لێکۆڵینەوە لەو بوارە دەگەڕێتەوە، هاوکات ئەوەی نوسراویشە لە چوارچێوەیەکی بابەتیانەی ئەکادیمیدا نەبووە و لێکۆڵینەوەی وردی لەبارەوە نەکراوە، بەڵکو لە نێو یاداشت و بیرەوەرییەکاندا بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ باسی لێوەکراوە.

لە نووسینی ئەم توێژینەوەدا هەوڵدراوە بەپێی میتۆدێکی زانستی توێژینەوەکە داڕێژین بۆ زیاتر بە زانستی کردنی بابەتەکە میتۆدی گێڕانەوەو شیکاری گیراوەتەبەر.

گومانی تێدانییە هەموو کارێك کۆمەڵێك کێشە و ئاستەنگی دێتەرێ، ئەم توێژینەوەیەش وەکو هەموو توێژینەوەکانی دیکە دووچاری ئاستەنگ بۆتەوە، لەوانە دەست نەکەوتنی سەرچاوەی پێویست بە زمانی بیانی تا ئەم بابەتە بە بیروبۆچوونی جیا جیا دەوڵەمەند بکرێت، جگە لەوە زۆربەی ئەو سەرچاوانەی لەلایەن حکومەتی عێراقی نوسرابوون زۆر بەدەگمەن ئاماژە بۆ ئەم بابەتە

دەکەن، ئەوەش وەکو پەراوێز خستن و بچووك کردنەوەی قەبارەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی بووە لە بەردەم ڕای گشتی جیهانی، بۆیە بە ناچاری بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر پەنامان بردووەتە بەر یاداشت و گێرانەوەی سەربردەی ئەو کەسایەتییانەی کە بەشداری ڕاستەوخۆی ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژگارە بوون، تێیاندا چەندین لایەنی شاراوەی مێژوویيان نووسیوە و لاپەڕەکانی ئەو ڕۆژگارەیان هەڵداوەتەوە، لەوانە وەکو (نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتر ئەشکێنن)،(هۆمەر شێخ مووس، پشکۆیەك لە خۆڵەمێشدا)،(هەڤاڵ کوێستانی، ئەو ڕۆژانەی نیشتیمان هی هەمووان بوو) هی دیکە، لەگەڵ کۆمەڵێك ڕۆژنامەی تایبەت کە زمانحاڵی پارتە سیاسییەکانی ناو سنووری ئەم توێژینەوەیەن.

توێژینەوەکە لە پێشەکییەك و سێ تەوەر و ئەنجام پێکهاتووە:

لە تەوەرەی یەکەمدا وەکو دەروازەیەك بۆ چوونە ناو کرۆکی توێژینەوەکە گرنگترین هۆکار و ئامانجەکانی دیاردەی بارمتەگرتن لەلایەن پارتە سیاسییەکانەوە لە باشووری کوردستان تیشکی خراوەتە سەر.

تەوەرەی دووەم تایبەت کراوە بە بارمتەگرتنی کەسانی حزبی و سەربازی عێراقی لەلایەن پارتە سیاسییەکانەوە.

تەوەرەی سێیەم ناونیشانی بارمتەگرتنی کارمەند و پسپۆڕانی بیانی لەخۆگرتووە، لێرەشدا هەریەك لە (پ.د.ك) و (ی.ن.ك) و (پاسۆك) باسی لێوەکراوە.

لە نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتووینەتە چەند ئەنجامێك کە لە کۆتاییدا ڕوون کراوەتەوە.

**2. -هۆکارو ئامانجەکانی دیاردەی بە بارمتەگرتن**

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستان (کوردستانی عێراق) دوای ساڵی 1975 پێدەنێتە قۆناغێکی زۆر جیاواز، چونکە پێشتر تەنیا (پ.د.ك) وەکو تاك حزب بۆ ماوەی سی ساڵ ڕابەرایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی دەکرد، بەڵام دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول، کۆمەڵێك حزب لە سەر گۆڕەپانی سیاسی باشووری کوردستان بە شێوەیەکی فەرمی بە ناوی جیاواز خۆیان ڕاگەیاند، بە جۆرێك فرە حزبی پەیڕەو کرا. پرسی بە بارمتە گرتن وەکو چالاکییەکی بەرچاو خۆی خزاندە ناو بەرنامەو کاری هێزە سیاسییەکانی باشووری کوردستان.

دوای ساڵی 1980 ئەم دیاردەیە بەرگێکی باوی بەخۆیەوە بینی، بە شێوەیەك هەر لایەنێك بەمەبەستی جیاواز کاریان لەسەر ئەو پرۆسەیە کرد، چونکە پێیان وابوو دەتوانن دەنگی شۆڕشەکەیان لە ڕێگەی بە بارمتەگرتنی پسپۆڕان و کارمەندانی بیانی بە ڕای گشتی جیهان بگەیەنن. سەرەڕای ئەوەی شەڕی ناوخۆیی حزبە کوردییەکان تەواو شۆڕشی کوردی کز کردبوو، هەروەها ناکۆکییە سیاسییەکانیش لەهەموو ڕوویەکەوە کاری کردبووە سەر توانای سیاسیی و پەیوەندییەکانی دەرەوە، بەڵام ئەمە نەبووە هۆی وەستانی چالاکییەکان، بەجۆرێك لە سنوورەکانی دوورتر لە مەیدانی شەڕی ناوخۆ، چالاکی پێشمەرگە گیروگرفتی بۆ دەسەڵاتی حکومەت دروستکردبوو، یەکێك لە شێوازەکان گرتنی بیانییەکان بوو (نێروەیی، 2008، ل 253).

یەکێك لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی کردەی بەبارمتەگرتنی کەسانی بیانی بریتی بووە لە دامەزراندنی پەیوەندی ڕاستەوخۆ لە نێوان پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان و ئەو وڵاتانەی کارمەندەکانیان دەرفێندران، ئەوەتا (دکتۆر کەمال فوئاد)[1] وەکو نوێنەری (ی.ن.ك) چەند ساڵ لە ئەڵمانیا نەیتوانی بوو پەیوەندییان لەگەڵ دابمەزرێنێت، بەڵام لەم ڕێگەیەوە پەیوەندییان لەگەڵ دامەزراندن. هاوکات ئەم دیاردەیە وایکرد ڕۆژنامەکانی ئەو وڵاتانە باس لە گیراوەکانیان بکەن ئەمەش هەواڵی هەبوونی جوڵانەوەی کوردی بە جیهانی دەرەوە گەیاند، بەم ڕێگایە سەرنجییان ڕادەکێشا بۆ جوڵانەوەی سیاسیی و چەکداری دژی حکومەتی عێراقی (ئەمین، 1997، ل 167-168).

پاڵنەرێکی دیکەی ڕفاندن و بەبارمتەگرتنی کەسانی بیانی، کە لەلایەن پێشمەرگەی هەموو لایەنەکانەوە باو بوو، زیاتر بۆ مەبەستی ڕاگەیاندنی چالاکی شەڕی پارتیزانی لایەنەکان بوو لە ناوەوەو دەرەوەی وڵات، هەروەها لە ڕێگەی بە بارمتەگرتنی ئەوانەوە وەك فشارێك لەسەر حکومەتی عێراق بۆ ئەوەی داخوازییە ڕەواکانییان بەدەست بهێنن (ڕەشید، هاڤیبون، 2002، ل 244).

لەلایەکی دیکەوە دیاردەی بەبارمتەگرتن بە ئامانجی پەیام گەیاندبوو کە:

1- لە دەڤەرەکانی کوردستاندا شۆڕشێکی چەکداری هەیە و پێچەوانەی پروپاگەندەکانی حکومەت، پێیوابووە ئەم ناوچەیە ئارام نییە.

2- شۆڕشی کورد، شۆڕشێکی ڕەوایە، لە پێناو هێنانەدی ئامانجەکانی نەتەوەی کورد، خەڵك بەو شاخانەوە کەوتوون. نەوەکو ئەوان ئەوەندە عەشقی توندوتیژی و چەك و خوێن ڕشتن نین.

3- پێویستە ئەو پسپۆڕ و کارمەندانە ئەم ڕاستییە بزانن و بەڕای گشتی وڵاتەکانیان بگەینن، کە پێشمەرگە باندو گروپی تیرۆرستی نین، وەکو ئەوەی حکومەتی عێراق ئەو وێنەی بە جیهانی دەرەوە پیشانداوە، بەڵکو ئەوە حکومەتی عێراقە دان بەبوونی مافەکانی گەلی کورد نانێت (تەنیا، 2019، ل 152).

هۆکاری لاوازی دەسەڵاتی حکومەت بە تایبەتی لە کاتی شەوان لە دەرەوەی شارەکان، تەنیا بە ڕۆژ حکومەت شارەکانی لە ژێر کۆنترۆڵ دابوو، ڕێگا سەرەکییەکانی بێ ئاسایش دەبوون، ئەوەش ببوە هۆی ئەوەی پێشمەرگەکان بە ئاسانی دەستیان بە کارمەندانی بیانی ڕابگات و بیانڕفێنن (مەکداول، 2005، ل 576).فڕاندنی ئەم جۆرە بیانیانە لەلایەن پێشمەرگەی هەموو لایەنەکان شتێکی باوبووە، زیاتر بۆ مەبەستی ڕاگەیاندنی چالاکی شەڕی ڕەوای پارتیزانی پارتەکان بووە لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان، هەروەها لە ڕێگەی گرتنی ئەوانەوە وەك فیشارێك لەسەر حکومەتی عێراقی بۆ ئەوەی لەو ڕێییەوە داخوازییەکانیان بە دەست بهێنن (ڕەشید، 2002، ل 244).

جێگای ئاماژەیە، زۆرجار هەندێك لە پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان بەمەبەستی دەسکەوتی ماددی و ناردنی دەرمان و ئازوقەو چارەسەری بریندارەکانیان و وەرگرتنی پارە درێژەیان بەو کارە دەدا (ئەمین، 1997، ل 168).لەلایەکی دیکەوە (ی.ن.ك) هەندێك جار لە بڕی ئازادکردنی بارمتەکان ساڵانە هاوکاری قوتابیانی کورد بکرێت، بەتەرخانکردنی کورسی تایبەتی خوێندن لە زانکۆکانی وڵاتانی ئەوروپا، ئەوانەی بە هۆکاری تێکۆشانی سیاسیی نەیانتوانییوە خوێندن تەواو بکەن. (أخبار كردستان، ع: 119، أوسط أب 1984، ص 5؛ ئەحمەد، 2018، ل 150 ). لە هەمان کاتدا وەکو جۆرێك لە شێوازی خەبات مەرجێکی تری زۆر گرنگ بەسەر حکومەت عێراق دەسەپاند، ئەویش لەو ڕێگەیەوە بتوانن لەگەڵ گیراوەکانی خۆیان، کە پێشتر لەلایەن حکومەتی عێراق دەستگیر کرابوون گۆڕینەوەیان پێبکەن (کوێستانی، 2018، ل137 ؛ محمود، 2020، گفتوگۆی تەلەفۆنی). هەندێك جار بەبارمتەگرتنی کەسانی بیانی هۆکاری ئەوەی لەپشتەوە بووە کە ئاسانکاری بۆ بە پێدانی مافی بەنابەری سیاسیی بە تێکۆشەرانی کوردی عێراق بکرێت (أخبار كردستان، ع: 119، أوسط أب 1984، ص 5).

یەکێك لە ئامانجەکانی دیاردەی بە بارمتەگرتن لەلایەن پارتە سیاسییەکانەوە لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە هەرچی زووە دەبێت ئەم حکومەتانە پەیوەندییە ئابووری و سەربازییەکانیان لەگەڵ عێراق بپچڕێنن و لە دامەزراندنی پڕۆژەی ئابووری و سەربازی، هاریکاری حکومەتی عێراق نەکەن (تەنیا، 2019، ل 152).

سەبارەت بە هەڵوێستی وڵاتانی ڕۆژئاوا بەرانبەر بە داواکاریەکانی پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان بەسەر دوو ئاڕاستە دابەش ببوون بە جۆرێك ئەوانەی ئەوروپای ڕۆژهەڵات (یەکێتی سۆڤیەت، پۆڵۆنیا، یوغسلافیا) هاولاتییەکانی خۆیان فەرامۆش دەکردو بە تەنگیانەوە نەدەهاتن، هەرچی ئەوروپای ڕۆژئاوایە ئەم دیاردەیان بە کارێکی تیرۆرستی دادەنا، بەڵام ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەکەوتنە گفتوگۆ بۆ پاراستنی گیانیان و ئازادکردنیان (ئەمین، 1997، ل 167).

**3. - بارمتەگرتنی کەسانی حزبی و سەربازی عێراقی لەلایەن پارتە سیاسیەکانەوە:**

ڕفاندن و بەبارمتەگرتن هەر لە ساڵی 1976 بەدواوە بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ لەلایەن ڕێکخراوە سیاسییەکانەوە کاری لەسەرکراوە. بە جۆرێك سەرەتای کاری بە بارمتەگرتن لە ڕێگەی ڕفاندنەوە لە نێو (ی.ن.ك) وەکو پێشنیاز لەلایەن (خالید گەرمیانی)[2] یەوە دەخرێتە بەر باس وەکو جۆرێك لە شێوازی خەبات، بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە بتوانن لەگەڵ گیراوەکانی خۆیان، کە پێشتر لەلایەن حکومەتی عێراق دەستگیر کرابوون گۆڕینەوەیان پێبکەن (کوێستانی، 2018، ل137). لە ساڵی 1980 دەزگا ئەمنیەکانی شارۆچکەی کفری دوو کادیری ڕێکخستنە نهێنیەکانی (ی.ن.ك)یان بە ناوەکانی (عوسمان خەلیفە عەلی و سیروان ڕەشید) دەستگیرکرد، لە بەرانبەردا لە بۆسەیەك کوڕی قائیمقامی کفری لەلایەن خالد گەرمیانی بە دیل گیرا، هەفتەیەك دواتر لەگەڵ هەردوو گیراوانی ڕێکخستنی نهێنی، کە پێشتر ئاماژەی بۆ کرا گۆڕینەوەیان پێکرا (ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ب1، 2016، ل 397).

جێگای بەبیر هێنانەوەیە لەسەروبەندی دەستپێکردنی جەنگی هەشت ساڵەی عێراقی و ئێرانی، یەك لە شێوازەکانی ڕادەستکردنەوەی بارمتەکان بەرانبەر پارە وەرگرتن بووە، تایبەت بۆ کەسانی کورد، کە پەیوەندیان بە حکومەتی عێراقەوە هەبووە، لەلایەن هێزی پێشمەرگە کراونەتە ئامانج و هەوڵی دەستگیرکردنیان دراوە، بە نموونە نووسەری یاداشتێك باس لە گرتنی کوردێکی سەر بە هەواڵگەری عێراق دەکات، دواتر لە ڕێکەوتێکی ژێربەژێرەکی لە نێوان بەرپرسەکان بەشەش هەزار دینار ئازاد دەکرێت. لەهەمان کاتدا دووجاش دەگیرێن لەبەرنەبوونی پارە دەکوژرێن، هەمان نووسەر پێی وایە ئەو جاشانە هەریەکەیان پارەی کڕینی تفەنگێکی هەبووایە، بەو چارەنووسە نەدەگەیشتن (حاجی مەمۆ، 2018، ل 114، 115).

لە هەنگاوێکی دیکەدا(دارا حاجی ئیبراهیم چەرمەگا)[3] باس لە هەوڵێکی نێوەندگیری نێوان یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و حکومەتی عێراقی دەکات، بە جۆرێك لەلایەن کەسێکەوە ڕاسپاردراوە بە ناوی (حاجی عەبد)، بۆ ئەوەی هەوڵی ئازادکردنی کەسێك

بە ناوی (سامی تکریتی) بدات، کە بە تۆمەتی کارکردنی لەگەڵ حزبی بەعس دەستگیرکرابوو، ناوبراویش لەلای خۆیەوە داوا لە جەلال تاڵەبانی (1933 – 2017) کردووە، بەرانبەر ئازادکردنی داوای (11) جۆر چەکی بیکەیسی کراوە، بەڵام بە هۆکاری گەشتی جەلال تاڵەبانی بۆ سوریا، کارەکە سەرناگرێت و دواتر بە بڕیاری سەرکردایەتی یەکێتی گوللە باران دەکرێت (پەنجەمۆر، 22/ 2/ 2020).

لە لایەکی تر محەمەد حاجی مەحموود لە یاداشتەکانی باس لە دەستگیرکردنی دوو کوڕی مەجید خان دەکات، دوایی ئەوەی کەسایەتی و ڕیش سپی ناوچەکە فشاریان بۆ دێنن بۆ ئەوەی ئازادیان بکەن، بە پێی بەڵگەنامەیەکی بڵاوکراوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێت کە ئامادەن لە بەرانبەر ئازادکردنیان بڕە پارەیەك بەشۆرش بدەن، هەر بۆیە بەرپرسانی پێشمەرگە دوای ڕاوێژکردن لەگەڵ سەرکردایەتی حزبەکەی(ی.ن.ك) خۆیان لە ڕێکەوتی 4ی ئایاری 1980 لە گوندی (ڕەزڵە) بەرانبەر بڕی (15) هەزار دینار ئازاد دەکرێن (محمود، ب 1، ب.س، ل 162).

جیا لە (ی.ن.ك) پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆك)یش لە چالاکی بارمتەگرتندا بەشدار بوونە ئەوەتا لە شەوی 17/16- 2 - 1981 لەلایەن دەستەیەك لە پێشمەرگەکانیان بە ناوی دەستەی (شەهید مولازم محەمەد شەوقی) دوایی ئەوەی دەچنە سەر بەشەناوخۆییەکی قوتابیانی زانکۆی سلێمانی، لە نێو (450) قوتابی (27) قوتابی بە ڕەگەز عەرەب دەستگیر دەکەن[4]، لە نێو ئەو ژمارە (8) یان هاوڵاتی ئوردنی دەبن، (19) شیان خەڵکی باشوور و ناوەڕاستی عێراق دەبن بە تۆمەتی ئەندام بوونیان لە پارتی بەعس دەسگیر دەکرێن (کوردایەتی، 1981).

ئەو کردەوە لەلایەن خودی (مولازم شوان)[5] سەرکردایەتی کراوە لەگەڵ (18) پێشمەرگەی (پاسۆك)[6] ، مولازم شوان بەو پێیەی زمانی عەرەبی بەباشی زانیوە ئەمە تەواو دەبێتە کارئاسانی بۆی، دەچێتە ناو باڵاخانەی بەشە ناخۆییەکە، سەرەتا قوتابییەکان کۆدەکاتەوە وەکو بەرپرسێکی بەعس قسەیان بۆ دەکات بۆ ئەوەی متمانەی پێبکەن، پێیان دەڵێت: "کارێکی حزبیمان هەیە دەمەوێ هەندێ هاورێ خۆیان تەرخان بکەن"، ئەمە دەڵێت، زیاد لە (100) کەس دەستیان بەرز دەکەنەوە، ملازم شوان بیردەکاتەوە ناتوانێت ئەو ژمارە زۆرە لەگەڵ خۆی ببات، بۆیە بەباش دەزانێت لە ڕووی پلە بەندی حزبییەوە دەستنیشانیان بکات، پرسیار لە پلەکانییان دەکات تەنها ئەوانە دەستنیشان دەکات، کە پلەکانیان لە ڕووی حزبی لە نێوان (نصیر متقدم، نصیر، ئەندام) بووە، بۆیە لە کۆی ئەو ژمارە تەنها (30) قوتابی جیا دەکەنەوە، بەڵام لە کاتی دەرچوونیان (3) لە قوتابییەکان لەبەر گریان و پاڕانەوەیەکی زۆر ناچار بە جێیانهێشتوون (پەنجەمۆر، 2017).

(پاسۆك) لە بەرانبەر ئازادکردنیان بڕێکی زۆر دەسکەوت و پارەیان لەلایەن پارێزگاری سلێمانی (شێخ جەعفەر)[7] بۆ پێشنیاز دەکرێت، بەڵام ئامادە نابن بە هیچ شێوەیەك وەریبگرن، ئەوان بڕیاری ئەوەیان دابوو، ئەو کارەی دەیکەن بۆ مەرامی سیاسیی و بەرژەوەندی گشتی میللەتەکەیان دەبێت نەك دەستکەوتی کەسی (مولازم شوان، گفتوگۆ، 11/ 3/ 2020). جێگای ئاماژە پێدانە ملازم شوان هۆکاری ئەنجامدانی ئەو چالاکیە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە: یەکەم: سەبارەت بە ئوردنییەکان دەڵێت: "ئوردنییەکان لەسەر ئەوە گیران، کە ئەو کات وڵاتەکەیان بڕیاری دابوو سوپا بنێریت بۆ یارمەتیدانی ڕژێمی سەدام لە کوردستان، هەندێك لە سوپاکەشی گەیشتبووە ناوچەکانی سلێمانی، ئەو کارەی ئێمە وەکو پەیامێك بوو بۆ ئوردن، بۆ ئەوەی سوپاکەی بکشێنێتەوە، هیچیتریش نەنێرێت"، هەروەها دەڵێت: "ئامانجەکە سەریگرت و سوپاکەی هاتبوون گەڕانەوە و سوپای تریشی نەنارد". دووەم: قوتابییان ڕێکخراوێکیان هەبوو بەناوی (الاتحاد الوطني لطلبة العراق) بەڕوکەش ڕێکخراوی پیشەیی بووە، بەڵام لە ناوەڕۆك دەزگایەکی ئەمنی بوو، کاریان نووسینی ڕاپۆرت و سیخوڕی و شەڕی دەروونی بووە لەگەڵ ئەو قوتابیانەی کە لەڕیزەکانی بەعسی نەبوون، بە تایبەت قوتابییە کوردەکان، بە زۆر هەوڵی ملکەچ کردن و بەعسی بوونیان دەدان (ملازم شوان، گفتوگۆ، 11/ 3/ 2020). هەروەها وەکو پەیامێکیش نێردراوە بۆ حکومەت کە دەبێت کەس و کاری هەموو پێشمەرگەکانی کوردستان کە دەست بەسەرن ئازاد بکرێن (ملازم شوان، پەنجەمۆر، 2017).

ڕفاندنی ئەو کۆمەلە قوتابییە دەنگدانەوەیەکی زۆری بە دوایی خۆی داهێنا لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆی عێراق و ناوچەکە، یاسر عەرەفاتی(1929-2004) سەرۆکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی فەڵەستینی هەر زوو لە ڕێگای تەلەفۆنەوە چەند جارێك پەیوەندی بە جەلال تاڵەبانی دەکات، کە ئەو کات لە دیمەشق دەبێت، داوای ئازاد کردنیان لێدەکات، لەبەر نەبوونی ڕاگەیاندنێکی بەهێز لەلایەن (پاسۆك)ەوە، یاسر عەرەفات تا ئەو کات هەستی بەوە کردبوو لەلایەن (ی.ن.ك)ەوە ڕفێندراون بە بارمتە گیراون، جەلال تاڵەبانیش داوا لە (پاسۆك) دەکات بۆ ئەوەی ئازادیان بکەن، بەڵام پاسۆك ئەوە ناکات، لەبەر ئەوەی سنووری پارێزگای سلێمانی لە ڕووی چالاکی سیاسیی و سەربازی تا ڕادەیەکی زۆر لە ژێر هەژموونی (ی.ن.ك) دەبێت، لەبەر ئەوە بۆ یەکێتی زەحمەت دەبێت (ملازم شوان، پەنجەمۆر، ب2). ملازم شوان لەمبارەیەوە دەڵێت: "دوای ئەنجامدانی ئەم چالاکییەمان، لەلایەن هێزەکانی

یەکێتییەوە تووشی ڕاوەدوونان بووینەوە، چونکە دەیانەویست ئەو فێرخوازانەی بە بارمتەمان گرتبوون ڕادەستیان بکەین، بەڵام ئێمە ئامادەنەبووین ڕادەستی یان بکەین، سەرئەنجام ناوچەکانی باشووری کوردستانمان بەجێهێشت و ڕوومان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد" (وەرگیراوە لە فەقێ، 2018، ل 202).

جێگای خۆیەتی ئاماژە بە چۆنییەتی مامەڵەکردنی (پاسۆك) وەکو حزب لەگەڵ ئەوە بارمتانە بکەین، لەمبارەیەوە یەکێك لە قوتابییە ئوردنییەکان بەناوی (فەرحان محەمەد فەرحان) لە نامەیەکی کە ڕێکەوتی25ی شوباتی 1981 لەسەرە، بۆ کەس و کارەکەی ناردووە، تێیدا ئاماژە بە باشترین شێوازی مامەڵەی برایانە دەکات لەگەڵیان لەلایەن پێشمەرگەکانی (پاسۆك)، هەروەها ئاماژە بەوە دەکات هەر شتێکیان پێویست بووە بۆیان دابین کراوە. (وەرگیراوە لە فەقێ، 2018، ل 328). لێرەدا دەکرێت بگووترێت هەم وەکو ترسێك لەبەرانبەر پاراستن و سەلامەتی گیانی خۆی نامەکەی بەو شێوەیە نووسیوە، لەهەمان کاتیشدا جۆرێك لە ڕاستی تێدا بەدیدەکرێت، چونکە ئەگەر بێت و لە ژێر فشار ئەو نامەیەی نووسی بێت دوای ئازادکرنیان جۆرێك ڕوونکردنەوەی لەبارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیان دەخستەڕوو.

دوای گرتنی قوتابییەکان، نوێنەرایەتی (پاسۆك) چەند جارێك لەگەڵ باڵوێزی ئوردن لە ئێران کۆبوونەوە، لە کۆبوونەوەکان داوای کشانەوەی هێزی ئوردنی لە باشووری کوردستان کرا، لەگەڵ ئەوەش دژایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد نەکەن (فەقێ، 2018، ل 131).

داواکاریەکی تریان ئازادکردنی خانەوادەی هەموو پێشمەرگەکانی حزبە سیاسییەکان بوو، بە حزبی شیوعی عێراقیش (ملازم شوان، گفتوگۆ، 11/ 3/ 2020). ژمارەی خانەوادەی پێشمەرگەکان وەکو ئەوەی لە ژمارە (3)ی زمحاڵی بڵاوکراوەی ئۆرگانی ناوەندی هێزی پێشمەرگەی (پاسۆك) بەم شێوەیە هاتووە : هەر یەك لە (یەکێتی، شیوعی، پارتی، سۆسیالیست) (20) خانەوادە بووە، (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان – کە باڵێکی یەکێتی بووە، لەگەڵ (پاسۆك) یش یەکی (10) خانەوادە بووە (ئاڵای سووری کوردایەتی، گۆڤار، 1981).

دوای ئەوەی (پاسۆك) هەموو داواکارییەکان دەنێرێت بۆ حکومەتی عێراق لەبەرانبەر ئازادکردنی بارمتەکانییان، بەشێك لە خانەوادەی پێشمەرگەکانی لایەنە کوردییەکان بە حزبی شیوعی عێراقیشەوە ئازاد دەکات، داواکارییەکی تری (پاسۆك) گەڕانەوەی سوپا ئوردنییەکەو نەهاتنی هیچیتر بۆ باشووری کوردستان، حکومەت بەو داوایەش ڕازی دەبێت و جێبەجێدەکرێت (مولازم شوان، گفتوگۆ، 11/ 3/ 2020).

لەکۆتاییدا بە نێوەنگیری چەند کەسایەتییەك و لایەنێك بارمتە ئوردنییەکان ئازاد دەکرێن، پاشان زیاتر لە شەش مانگی پێدەچێت قوتابییە عێراقییەکانیش هەر جارەو بە هەوڵی چەند کەسایەتییەك، بە نموونە هەندێکیان لە سەر داوای جەلال تاڵەبانی، هەندێکیتریش لەسەر داوای مەحمود عوسمان ئازاد دەکرێن (ملازم شوان، گفتوگۆ، 11/ 3/ 2020).

هەر لە درێژەی چالاکی بەبارمتەگرتن، لە بۆسەیەکدا (عەقید) مەولود مستەفا ئەلحەموودی تکریتی، مامۆستا لە کۆلێژی سەربازی، ئەندازیاری کارەبا، لەگەڵ سێ ئەفسەری یەدەگ، لە ڕۆژی 18ی ئەیلولی 1983 لە نێوان ئەتروش – زاویتە لە پارێزگای دهۆك لەلایەن دەستەیەکی پێشمەرگەی (پ.د.ك)ەوە دەگیرێن و دەکرێن بە بارمتە، لە هەمان ڕۆژ حکومەت باوکی (سدیق سەعدی زاویتەیی)[8] یەکێك بووە لە بەشدابووانی ئەو چالاکییە دەگرێت، بە دوایدا دایك و براو خوشکی دەگرێت، بەرێوەبەری ئاسایش(ئەمن) داوا لە باوکی سدیق دەکات تاکو بچێت هەوڵی ئازادکردنی عقید مەولود بدات، لەکاتی چوونی بۆ ئەم مەبەستە داوا لە بەرپرسی لقی یەکی (پ.د.ك) دەکات، ئەویش لەلای خۆی داوا لە سەرۆکی پارتی (مەسعود بارزانی) دەکات، مەرجی ئازادکردنی هەریەك لە (حەسەن نەجاڕ و محەمەد عەلی حوسێن زاهر) دەبێت، کە زیندانی بوونە لە لای حکومەت، لە بەرانبەردا حکومەت بەو داوایە ڕازی نابێت (نێروەیی، 2010، ل 193، 540 ؛ زاویتەیی، گفتوگۆ، 2020/3/31). جێگای سەرنجە لە دیکۆمێنتێکی دەزگای هەواڵگەری ناوچەی باکور [مەبەست لێی باشووری کوردستانە] بۆ ناوەندی هەواڵگەری دهۆك ناردووە ئاماژە بە ئازادکردنی سێ ئەفسەرە یەدەگەکە دەکات، جگە لە عەقید مولود هەر وەکو بارمتە لەلایەن پارتی دەمێنێتەوە (وەرگیراوە لە: نێروەیی، 2010، ل 543)، ئەمەش دوایی هەوڵەکانی باوکی سدیق دێت، کە ڕاسپێردرابوو بۆ ئازادکردنیان، بەرانبەر بەوەی خانەوادەکەی ئازاد بکەن، لە ئاکامدا هەواڵگەری دهۆك بەرانبەر بەڵێنی خۆی ڕاستگۆ نابێت، خانەوادەکە هەر لە زیندانەکانی حکومەتی عێراقدا دەمێننەوە (زاویتەیی، گفتوگۆ، 2020/4/20).

سەبارەت بە چارەنووسی عەقید مەولود دوای ئەوەی بەرپرسانی لقی یەکی پارتی، ماوەیەك باشی ڕابردووی ناوبراویان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە پێشتر دەستی نەبووە لە ئازاردانی هیچ کەسێك، گرتنەکەی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە تەنها پلەی سەربازی هەبووە، لەگەڵ ئەوەش زۆر هاوکاری پێشمەرگەکانی کردووە لە دروستکرنی بەلەم، دروستکردنی تاڤگەی دەستکردی ئاو بەمەبەستی

بەرهەمهێنانی کارەبا، ئەمەیان بۆ ئەوکات خزمەتێکی گەورە بووە بۆ بزاڤی کوردی، ژیانی بەجۆرێك لێهاتووە لەگەڵ پێشمەرگەکان زۆر هەستی بەئاسودەیی کردووە، هەموو ئەوانە وادەکات بەرپرسانی لق بێ بەرامبەر بڕیاری ئازاد کردنی بدەن (گفتوگۆ، جەرجیس حەسەن، 2020 /4/5).

لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ئاماژە بەو ڕاستییە بکرێت، حکومەت بەهۆی شەرقاڵی بە شەڕی عێراق ئێران (1980 – 1988)، دەستییکردەوە بە چەکدار کردنی بەشێك لە هۆزەکانی کورد، ئەوانە لەلایەن حکومەتەوە فورسان یان فەوجی سووك یان (ئەفواجی بەرگری نیشتیمانی) پێدەگوترا، لەلایەن خەڵکەوە بە جاش ناسرابوون (ئێروەیی، 2008، ل 363)، مەبەستی لەو کارەش ئەوەبوو شەڕی کورد بە کورد بکات، تاکو لەو ڕێگەیەوە هۆزی کورد ببێتە دوژمنی سەرەکی شۆڕش، لەشەڕەکاندا جاری وابووە ئەو جاشانە دەستگیردەکران و دەبوون بەبارمتە لەلایەن پێشمەرگە، حکومەت گرتنی ئەوانی بەلاوە گرنگ نەبوو بە دواداچوونیشی نەدەکرد بۆ ئازادکردنیان، بە جۆرێك حەزی دەکرد بەدەستی پێشمەرگە بکوژرێن، بەڵام لە ساڵی 1983 بەرپرسانی پێشمەرگە لە لقی یەکی پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیارێکدەدەن، هەر جاشێك دەستگیر بکرێت یان خۆی ڕادەستی پێشمەرگە بکات، دەبووا بڕی سێ هەزار دینار لەگەڵ ڕادەستکردنی چەکەکەی هەروەها بەڵێنامەیەکیش پڕبکاتەوە، بۆ ئەوەی جارێکی تر دژایەتی پێشمەرگەو شۆڕشی کورد نەکات، دوایی ئەوە ئازاددەکرا، بەڵام ئەگەر خۆی بەچەکەوە پەیوەندی پێوە بکردنایە داوای پارەیان لێنەدەکرد" زۆر جار دەبوو بە پێشمەرگە (گفتوگۆ، جەرجیس حەسەن، 5 – 4 – 2020).

لە چالاکییەکدا دەستەیەك لە پێشمەرگەکانی پارتی (عەقید)ی هەواڵگەری عەدنان عەزاوی لە ناوچەی بامەڕنێ دەستگیر دەکەن دەبێتە بارمتە لەلایەن، بەرپرسی یەکەمی پارتی دکتۆر جەرجیس حەسەن لە ناوچەی بادینان، دەربارەی عەقیدی ناوبراو دەڵێت سەر بە کۆشکی کۆماری بوو، ئەمەوای کردبوو حکومەت زۆر بەتەنگییەوە بێت، چەندین جار و بە چەندین شێواز لەلایەن چەند کەسێکەوە داوا لە پارتی دەکرێت بۆ ئەوەی ئازادی بکەن، مەرجی ئازادکردنی (14) کەس لە گیراوەکانی پارتی دەبێت، کە لە زیندانەکانی حکومەتی عێراق دابوون. حکومەت ئامادە بووە بەرانبەر ئازادکردنی هەر چەندی پارە داوا بکرێت بیدات، بەڵام ئەو پێشنیازە لەلایەن پارتییەوە ڕەتکراوەتەوە (جەرجیس حەسەن، گفتوگۆ، 5/ 2020/4) لە لایەکی ترەوە پێشمەرگەیەکی پارتی کە لە زۆرێك لە چالاکییەکانی ئەو کات بەشدار بووە لەبارەی ئەو عەقیدە دەڵێت: "خانەوادەکەی خۆیان دەگەیننە لای (سەدام حوسێن 1938 – 2006) داوای لێدەکەن زیندانییەکی (پ.د.ك) بەناوی (محەمەد عەلی حوسێن زاهر)، کە ئەندامی ڕێکخستنەکانی ناوشاری دهۆك بووە، بگۆڕنەوە لەگەڵ کوڕەکەیان، داوایەکەیان ڕەتدەکرێتەوە، دوای ئەم چاوپێکەوتنە بڕیاری لە سێدارەدان بۆ زیندانییەکەی پارتی دەردەچێت و جێبەجێ دەکرێت، کاتێ پارتی بەمە دەزانێ ئەوانیش بڕیاری لە کوشتنی ئەفسەرەکە دەدەن و جێبەجێی دەکەن (زاویتەیی، گفتوگۆ، 31/ 3/ 2020).

ئەوەی پەیوەستیش بێت بە (ی.ن.ك) شێوازێك لە ڕادەستکردنەوەی بارمتەکان خۆی لەوەدا دەبینیەوە، کە حکومەتی عێراق وەکو مەرجێکی پێشوەختە بۆ دانووستان لەگەڵ (ی.ن.ك)، داوای ئازادکردنی ئەو ئەفسەرو سەربازانەی دەکرد، کە یەکێتی لە شەڕ و چالاکییەکانی ناو شار دەستگیری دەکردن، یەکێتیش دەچووە ژێر باری داواکارییەکە هەندێکیانی ئازاد دەکرد، بۆ نموونە وەکو ئەوەی لە گۆڤاری (الشرارة)ی ئۆرگانی (ی.ن.ك) لە ژمارە پێنجیدا لە ئایاری 1985 دەنوسێت : "سەرکردایەتی شۆڕشی ڕزگاریخوازی کوردستان گەلێك ئەفسەرو سەربازو جاشی لە زیندان ئازادکرد، لەبەرهۆی مرۆڤایەتی و هێندێ هۆی دی کە پەیوەندی بە هەست و هەڵوێستمانەوە هەیە دەربارەی سوپای عێراق"، ئەفسەرەکان هەریەك لە (العقيد مظفر عباس تكريتي، المقدم كمال أحمد، النقيب احمد محمود عبد، الملازم فارس شلال) پێکهاتبوون، ئەمە لە کاتێکدا بوو بی ئەوەی حکومەتی عێراق هیچ کوردێك لە زیندانەکانی خۆی بەرانبەریان ئازاد بکات. (وەرگیراوە لە: ڕەباتی، 1990، ل 71 – 72). بە هەمان شێوە پاش بێ ئەنجام بوونی دانووستانەکانی (ی.ن.ك) و حکومەتی عێراقی لە ساڵی 1985، یەکێتی لە زنجیرە شەڕێك بەناوی (دابان هەلاج) لە 15ی شوباتی 1985 بەرانبەر سوپای عێراق، دەتوانێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و ژمارەیەك سەربازانی عێراقی کە (98) سەرباز بوون بەدیل بگرێت، پاش ئەو شکستە حکومەت جارێکی دیکە باسی دانووستانی هێناوەتە گۆڕێ، بۆ ئەم مەبەستە (سەعدی مەهدی ساڵح) ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی و لێپرساوی ڕێکخستەکانی سەروو (عضو القيادة القطرية مسوؤل تنظيم الشمال) سەردانی سەرکردایەتی (ی.ن.ك) دەکات، داوای سەرلەنوێ دانووستان دەکاتەوە، داوای ئازادکردنی دیلەکان دەکات، لەبەرانبەردا یەکێتی هەندێك لە دیلەکانی ئازادکرد (ڕێباز، 2017، ل 279 ؛ ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ب 1، 2016، ل 419).

شکستە بەردەوامەکانی هێزەکانی عێراقی لەبەرەکانی جەنگی ئێراندا، کاریگەری هەبوو لەسەر زیادبوونی چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە، لەو سۆنگەیەوە جارێکی تر (ی.ن.ك) کەوتەوە جموجۆڵی سەربازی لەڕێگای دابەزینی پێشمەرگەکانییان بۆ ناو شارەکان و

دانانەوەی خاڵی پشکنین لەسەر شەقامە سەرەکییەکان، توانیویانە کەسانی سەربازی سەر بە دام و دەزگا سەربازییەکان دەستگیر بکەن، بە نموونە لە نیسانی 1985 لەناو شاری هەولێر دەتوانن دوو ئەفسەری پلە بەرز و چوار پۆلیس دەستگیر بکەن، پاشان دەیانگوازنەوە بۆ ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی هەولێر، حکومەت بەرانبەر ئەو کارانە سیاسەتی (رد الفعل) ی بەکاردەهێنا، پاش چەند ڕۆژێك هێرشی کردە سەر گوندی (میرکە) لە ناوچەی دێدەوان، دیلەکان لە ناو قوتابخانەی گوندەکە دەبن، بەڵام جێگەی سەرنجە ئەگەرچی (30) پێشمەرگە لەناو گوندەکە بوون، بەبێ هیچ ڕووبەڕووبونەوەیەك سوپای عێراقی لە ڕێگەی دابەزین لە هەلیکۆپتەر دەتوانن بارمتەکان ئازاد بکەن (ڕێباز، 2017، ل 286).

بەڵگەیەکی نکۆڵی لێنەکراوە کاری بەبارمتە گرتن هەندێك جار لەلایەن چەند پێشمەرگەیەك ئەنجامدراوە بێ ئەوەی بەرپرسانی یەکێتی لێی ئاگادار بن، بە نموونە دوایی تێکچوونی گفتوگۆکانی یەکێتی لەگەڵ حکومەتی عێراق، لەلایەن سێ پێشمەرگەوە دکتۆر (موحەمەد باقر) خەڵکی خانەقین و دانیشتووی سلێمانی دەڕفێندرێت، لەبەرامبەر ئازادکردنی داوای پارە لە خێزانەکەی دەکرێت، بەڵام بەهۆی ئاگادارکردنەوەی پیاوانی سەر بە هەواڵگەری لەلایەن خێزانەکەی کارەکە سەرناگرێت، لەبەر سەلامەتی گیانی خۆیان دکتۆر بەجێدەهێڵن، پاشان هەر سێ پێشمەرگەکە لەلایەن سەرکردایەتی (ی.ن.ك) دەستگیر دەکرێن، بە بیانووی کەسە دەستگیرکراوەکە دۆستی نزیکی جەلال تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا (1944 – 2017) دەبێت، بەم کارە مەترسی لەسەر گیانی پێشمەرگەکان دروست دەبێت و دەنگۆ بڵادەبێتەوە لەوانەیە بەهۆی ئەو کارەوە گوللە باران بکرێن، ئەمە وادەکات بیر لە هەڵاتن بکەنەوە، لە زیندان ڕادەکەن، دواتر خۆیان ڕادەستی حکومەتی عێراق دەکەن (نەجمەدین، 2019، ل 207 - 209).

جێگەی هەڵوەستەکردنە حکومەتی عێراق سەربازە ئاساییەکانی ناو زیندانەکانی ژێر دەستی پارتە سیاسییەکانی کوردستان پشتگوێ دەخست و بۆ ماوەیەکی زۆردەمانەوە، چونکە لەبەرانبەر ئازاد کردنیان پارتە سیاسییەکان داوای ئازادکرنی ئەندامان و لایەنگیرانی خۆیان دەکرد، بۆیە ئامادە نەبووە هیچ کارێك بکات لە پێناو ئازادکردنیان، لەبەرانبەردا هەندێك کات پارتە سیاسیەکان بە چاوێکی بەزەییانە سەیری ئەم سەربازە دیلانەیان کردووە، لەم سۆنگەیەوە (پ.د.ك) بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە دوژمنایەتیان لەگەڵ سەربازی عەرەبی بێ پەناو جاشی بێچارە نییە، بەڵکو لەگەڵ حکومەتی عێراق و سیستەمەکەیەتی لە ئەیلوولی 1986 بەبڕیاری مەسعود بارزانی لە زیندانی لقی یەکی ناوچەی بادینان (37) دیل لە سەرباز و جاش ئازاد دەکرێت (ئێروەیی، 2008، ل 408 – 409). لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ئاماژە بەو ڕاستییە بکرێت، هەندێك جار بەهۆی شەڕەوە سەربازە عێراقییەکان بە برینداری دەکەوتنە دەست پێشمەرگەکان دەبوون بەبارمتە، بەڵام بەهۆکاری مرۆیی هەر زوو بێ بەرانبەر ئازادکران (خەبات (النضال)، ژ: 549، کانوونی دووەم/ 1984، ل 3). لە ڕاستیدا پێدەچێت بارودۆخی خراپی شۆڕش لەبواری تەندروستی و نەبوونی جێگای پێویست بۆ چارەسەرکردنیان یەکێکی دیکە بووبێت لە هۆکاری ئازادکردنیان. بەڵام هەندێ جار ئەم شێوازە لە مامەڵەکردن لایەنی نەرێنی دەبێت, کە هۆکارێك دەبێت تا سەرباز و جاشەکان سڵنەکەنەوە لە شەرکردن و هاتن بۆ ناوچە ئازادکراوەکان

لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی حکومەتی عێراق لە سەرەتای ساڵی 1988 لەمەڕ ئەنجامدانی پرۆسەی ئەنفال بۆ سەر ناوچەکانی کوردستان، دەستەیەك پێشمەرگە لەگەڵ خانەوادەکانیان بۆ خۆ پاراستن لە دەستگیرکردنیان لەلایەن سوپا و جاش، لەناوچە شاخاوییەکانی ڕۆژهەڵاتی شاری کەرکوك خۆیان حەشار دەدەن، سەربازێکی عەرەبی عێراقی بەهۆی ونکردنی ڕێگا دەکەوێتە دەست پێشمەرگەکان، ترسیان دەبێت لەوەی ڕێگای بدەن، دواتر شوێنی خۆیان و خانەوادەکەیان بۆ سوپا ئاشکرا بکات، ببێتە هۆی هێرشکردنە سەریان، سەرەڕای ئەوەی دەبێتە بارگرانی بۆیان بڕیار دەدەن وەکو بارمتە لەلای خۆیان بۆ چەند ڕۆژێك بیهێڵنەوە، بێ ئەوەی ڕووبەڕووی هیچ ترسێك و سوکایەتی و ئازارێك ببێتەوە، پاش ئەوەی دەتوانن خانەوادەکانیان بگەیننە شوێنێکی سەلامەت، ئیتر بڕیاری ئازاد کردنی دەدەن (محمود، 2017، ل 269 - 289).

لەگەڵ بەردەوامی هێرشەکانی سوپای عێراق و زیادبوونی مەترسی بۆ سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حزبە کوردییەکان وایکرد (ی.ن.ك) پۆل پۆل زیندانییەکانی بگوازرێتەوە بۆ ناوچە ئازادکراوەکانی تری ژێر دەسەڵاتی خۆی، کە هێشتا مەترسی هێرشەکان لەسەریان دوور بوو، بەڵام دوایی ئەوەی بارودۆخەکە بەشێوەیەکی گشتی تێك دەچێت و بەجۆرێك هەموو ناوچە ئازادکراوەکان نزیك دەبنەوە لە کۆنترۆڵکردن لەلایەن سوپای عێراقییەوە، سەرکردایەتی یەکێتی لە زیندانییەکان و کەسانی بەبارمتەگیراو نائومێد دەبێت، بۆیە بەناچاری و بەبێ هیچ مەرجێك و بێ وەرگرتنی پارە ئازاد دەکرێن، بە بەرچاوی پێشمەرگە بەرەو مۆڵگەکانی سوپای عێراق ڕێگا دەگرنەبەر. شایانی باسە پێشتر مەرجی ئازادکردنی هەندێکیان پێدانی پارە بوو بە سەرکردایەتی یەکێتی، بۆ نموونە سەرۆك جاشێك پێشتر داوای (20) هەزار دیناری لێکراوە بەرانبەر ئازادکردنی، لەوها بارودۆخێك لێی دەپرسن تۆ چی دەکەی، دەڵێت: "من ڕێگای دوورم بۆ نزیك بووەتەوە، بەیانی خۆم تەسلیمی سوپا دەکەم و بیست هەزار دیناریشم، لانیکەم قازانج کرد!" (نەجمەدین، 2019، ب2، ل 232 - 234).

**4. بارمتەگرتنی کارمەند و پسپۆڕانی بیانی:**

بارمتەگرتنی کارمەند و پسپۆڕانی بیانی لەلایەن پارتە سیاسییەکان پاڵنەرو هۆکاری جیاوازی لە پشتەوە بووە، وەك لەوەو پێش ئاماژەمان پێدا خۆی لە گەیاندنی دەنگی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان بە جیهانی دەرەوە دەبینیەوە، هاوکات هەوڵدانێکیش بووە بۆ دروستکردنی جۆرە پەیوەندییەك لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا.

**یەکەم: بارمتەگرتن لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان**

وەکو دەردەکەوێت بە پێی نووسینەکانی ڕۆژنامەنووسی فەڕەنسی کریس کۆچێرا (1938 – 2017) یەکەمین بارمتەی بیانی لەلایەن پارتە سیاسییەکانەوە بۆ نیوەی تشرینی دووەمی 1976 دەگەڕێتەوە کاتێك دەستەیەك لە پێشمەرگەی کورد لە شوێنی کاری تەکنیکارانی کۆمپانیایەکی فەڕەنسی کە کاری بیناسازی لە گوندەکانی حاجی ئۆمەران لە نزیك سنووری ئێران دەکرد، ئەوانیان بۆ ماوەی شەوێك دەست بەسەرکرد (کۆچێرا، ب1، 2002 ، ل 47). سەرچاوەیەکی مێژوویی پێیوایە دەستەیەك لە پێشمەرگەکانی (پ.د.ك) ئەم کارەیان ئەنجامداوە (تەیب، 2012، ل 202).

لێرەدا پێویستە بگوترێت گرتنی ئەم بیانیانە هەندێك کات بە کاری تیرۆرستی لەقەڵەم دەدرا لەلایەن وڵاتانی ئەوروپییەوە، زۆر جاریش ڕووداوی دڵتەزێنی لێ دەکەوتەوە و بە دەستی حکومەتی عێراق دەکوژران (ئەمین، 1997، ل 167؛ نێروەیی، 2008، ل 344)، لە چاوپێکەوتنێك دا مەسعود بارزانی لەبارەی ئەوەی ئایا گرتنی بیانییەکان نەدەبووە هۆی ژماردنی شۆڕشی کورد لە چوارچێوەی تیرۆریستیدا دەڵێت: "هیچ کاتێك گرتنی بیانییەکان بە ڕاسپاردەی ئێمە نەبووە لە کاتێکدا هەندێك بیانی میسری و پاکستانی لە ساڵی 1979 لەگەڵ سەربازانی عێراقیدا گیرابوون ئازادکران، دواتر بەدەستی ڕژێم کوژران و تاوانەکەی خستە پاڵ ئێمە" (وەرگیراوە لە: نێروەیی، 2008، ل 345). بۆیە دەبینین لە ساڵی 1980 کاتێك سێ ئەندازیاری نەمساوی لەلایەن (پ.د.ك) دەستگیر دەکرێن، لە ترسی کوژرانیان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە ئازاد ناکرێن تا ئەو کاتەی سەرۆك وەزیرانی نەمسا نامەیەك بۆ مەسعود بارزانی دەنوسێت و دواتریش نوێنەرەکەیان دێتە لایان و ئینجا ئازاد دەکرێن (نێروەیی، 2008، ل 345).

هەر سەبارەت بە چۆنییەتی ئازادکردنی سێ بارمتەکەی وڵاتی نەمسا ڕوژنامەی (أخبار كردستان)ی بەشی ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسی (پ.د.ك) باس لەوە دەکات دوای ئەوەی لە 25 / 11/ 1981 لەلایەن چەند پیشمەرگەیەکی ئەو پارتە دەستگیردەکرێن و دەبن بەبارمتە لەلایان، دواتر لە ڕێگەی دانوستانی حکومەتی نەمساوی و سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان ئازاد دەکرێن، پاش گەڕانەوەیان بۆ ڤییەننای پایتەختی ولاتەکەیان لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنی نیو کاتژمێری، باسی چۆنییەتی دەستگیرکردنیان و باشی مامەڵەی پیشمەرگەکان لەگەڵیان دەخەنەڕوو، دانوستانەکان چەند هەفتەیەك دەخایەنێت، لەو کاتە بە بەردەوامی دام و دەزگا ڕاگەیاندنەکان لە ڕادیو، تەلەفزیون، ڕوژنامەکان چۆنیەتی بەڕیوەچوونی دانوستانەکان دەگوازنەوە، هەروەها ئاماژە بەوەش کراوە ئازادکردنیان لەبەر هۆکاری مرۆییەوە بووە، ڕۆژنامەی نابراو ئاماژە بە سودی ئەو جۆرە کردەوانە بو گەلی کوردو تێکوشانەکەی و ڕوڵی (پ.د.ك) لەسەر ئاستی ڕای گشتی دەکات (ع، 61، 10/ 3/ 1982).

لە ڕێکەوتی 23ی نیسانی 1982 لە ناوچەی زاویتە سەر بە پارێزگای دهۆك دوو هاوڵاتی کۆری بە ناوەکانی (مونکی ونگهی و ڕییو ونگهی) لەلایەن دەستەیەك لە پێشمەرگەکانی (پ.د.ك)ی شانەی جەمیل سەر بە ڕێکخراوی وەیسی بانی دەستگیر دەکرێن، هاوکات سەربازێکی عێراقیش دانیشتووی شاری موسڵ بەناوی (سەلاح حەسەن مستەفا) لە گەڵیان بووە کە بۆ بەرژەوەندی حکومەتی عێراق کاریان دەکرد ( أخبار كردستان، ع. 81، 11/ أيار/ 1982).

جگە لەوەش لە 24ی حوزەیرانی 1982 سێ هاوڵاتی ئەلمانی ڕۆژئاوا بە ناوەکانی (کارڵ هینز شوڵتن، برونووسمان، کارڵ هینز تیثر) لە بۆسەیەك لە نێوان زاخۆ و گوندی بیتاس لە لایەن پێشمەرگەکانی (پ.د.ك) دەستگیر دەکرێن، ئۆتۆتۆمبێلێکی جۆری تویوتا لاندگرۆزیان لابووە، لە بەنداوی موسڵ کاریان کردووە. بەڵام دواتر لە پرۆسەیەکی گشتییدا لەگەڵ چەند بارمتەیەکی دیکە بە ئامادەبوونی ڕێکخراوی خاچی سوری نێودەوڵەتی ئازاد دەکرێن (أخبار كردستان، ع: 86، 24/ 6/ 1982). هەر چەندە پێشتر (پ.د.ك) لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانی خۆیەوە ئاگاداری هەموو کۆمپانیا بیانییەکانی کردبوو کە ڕێگە بە کارمەندەکانییان نەدەن لە دەرەوەی شارەکانی دهۆك، موسڵ، هەولێر، سلێمانی هاتووچۆ بکەن، لەبەرئەوەی زۆربەی ئەو ناوچانە چالاکی سەربازی تیایدا ئەنجام دەدرێت (أخبار كردستان، ع: 118، ص 1، تموز 1984 ؛ خەبات "النضال"، ع: 550، شباط 1984، ص 3 - 5 ).

لە سەرچاوەیەك ئەوە بەدیدەکرێت (پ.د.ك) لە کۆتا ڕۆژەکانی ساڵی 1982، شەش ئەندازیاری ئەڵمانی بە ناوەکانی (مستە أيريكمان نشكى، كلاوستاندرا، وولف كون كلوديف، أيرى كروگر، لوذر بيت كر، هريمس غيلتد) کە پێشتر لەشاری دهۆك دەستگیری کردبوون، لە بەیاننامەیەکدا ئەوەی خستەڕوو: "لەبەر بۆنەی چەژنی سەری ساڵ ئەوانەی ئازاد کرد، هەروەها ئاماژەشی بەوە کردیە

بۆ ئەوەی ڕووی مرۆڤایەتی بزاڤی كورد بەدیار بخەن كە لە پێناو مافی ڕەوا و دادپەروەرانەدا تێدەكۆشێت و تۆڵە لە كەس وەرناگرێت، هەر لە بەیاننامەكەدا پارتی داوا لە ڕای گشتی جیهان كرد زیاتر پشتگیری لە كێشەی كورد بكەن و داوا لە عێراقیش بكەن گیراوە سیاسیەكانی كورد ئازاد بكات، پشتگیری تێكۆشانمان بكات لە پێناو دیموكراتی بۆ عێراق و حوكمی زاتی بۆ كوردستان" (أخبار كردستان، ع: 99، 5/ كانوون الثاني/ 1983).

دوابەدوای ئەمەش لە هەنگاوێكی دیكەدا لە شەوی 29/28 تشرینی دووەمی 1983 سێ پسپۆڕی بیانی كە هاوكاری حكومەتی عێراقییان دەكرد لە ئیبراهیم خەلیل دەستگیركرد. بە هەمان شێوە لە 2ی كانوونی یەكەمی هەمان ساڵدا لە ناو شاری دهۆك دەستەیەك لە پێشمەرگەكانی هەمان حزب بە هاوكاری ڕێكخستنی ناوخۆیی، سێ پسپۆڕی فەڕەنسی دەستگیردەكەن بە ناوەكانی (موریس موي، جان – كریستوف لوفا، ورویير لوران) كاریان بۆ كۆمپانیای تومسون دەكرد، مەكتەبی سیاسی (پ.د.ك) لە ڕێگەی دەركردنی بەیانێك ئەوەی ڕاگەیاند كە گیانی ئەم گیراوانە دەپارێزرێت. (نێروەیی، 2010، ل 194؛ خەبات (النضال)، ع: 550، ص 3 ؛ كوتشیرا، 2014، 134).

ئیدریس بارزانی (1944 – 1987) لە چاوپێكەوتنێكی ڕۆژنامەوانی كە لە 6ی كانوونی دووەمی 1984، لەبارەی ئەم سێ فەڕەنسییە دەڵێت و پێی وابووە: "لەبەر ئەوەی حكومەتی فەڕەنسی لەو حكومەتانەیە یارمەتی عێراق دەدا، ئەمە وای كردووە كاریگەریەكی زۆری بەسەرەوە هەبێت، دەكرێت ئەو كاریگەرییە بۆ یارمەتیدانی ئێمە بەكاربهێنێت، هەوڵ بدات و فشار بكات لەسەر حكومەتی عێراقی تاكو ئەو (8000) بارزانییەی لە كۆتایی تەموزی 1983 دەستگیركران چارەنووسیان بزانین، هەروەها لەگەڵ ئەو (57) زیندانییە سیاسیانەی ئێمە كە ئێستا بڕیاری لە سێدارەدانییان بۆ دەرچووە، ئازادیان بكات". (كوتشیرا، 2014، ص 134). جێگای سەرنجە بە بارمتەگرتنی ئەو سێ فەڕەنسییە و چەند بارمتەیەكی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا لە ڕۆژنامە جیهانییەكان ئاماژەی بۆ كراوە، بۆ نموونە ڕۆژنامەی (تایمزی) لەندەنی ڕاپۆرتێك بە پێنووسی (ادوارد مورتیمور) بڵاودەكاتەوە، تێیدا ئاماژە بە قسەی حكومەتی فەڕەنسا كردووە كە ژمارەیەك لە بارزانییانە نەماون، هەروەها ئەڵمانیای ڕۆژئاواش هەر لەو ڕاپۆرتە باس لە بردنی گیراوەكان بۆ بیابانی سنووری نێوان ئوردن و سعودیا دەكات، و بەهیچ شێوەیەك ڕێگە بە بینینان نادرێت. (وەرگیراوە لە: خەبات (النضال)، ژ: 556 – 557، مارت و نیسان/ 1985، ل 3، 13).

گرتنی ئەو سێ فەڕەنسییە دەنگدانەوەیەكی زۆری بەدوای خۆی داهێنا، لەچەندین ڕۆژنامەی فەڕەنسی باسی لێوەكراو بۆ نموونە ڕۆژنامەی (لۆمۆند) لە 1984/2/29 دەنووسێت (پێشمەرگە كوردەكان مەرجەكانی خۆیان بۆ بەردانی (3) دیلی فەڕەنسایی ڕادەگەیەنن. هەروەها ڕۆژنامەی (لوماتان دوی پاریس) لە ڕێگەی كریس كوتشیرا ی پەیامنێرییەوە لە ڕۆژی 3/1 هەمان ساڵ وتارێكی دوورودرێژ لە ژێر ناونیشانی (بارمتە فەڕەنساییەكان لە كوردستاندا و، گفتوگۆ هەر لە شوێنی خۆیدا وەستاوە). (وەرگیراوە لە: خەبات (النضال)، ژ: 551، كۆتایی نیسانی 1984، ل4).

لە ئەنجامدا (پ.د.ك) لە بەیاننامەیەك لە 7ی تەموزی 1984 ڕایگەیاند، بە هۆكاری ئەوەی لەلایەن چەند كەسایەتیەكی گەورەی جیهان لەسەرووی هەموویان (پاپا یوحنا پۆلس دووەم) و (برونو كرایسكی) سەرۆك وەزیرانی نەمسا، هەروەها لەگەڵیان كەس و كاری بارمتەكان نامە بۆ سەرۆكی حزب (مەسعود بارزانی) هاتووە، هەر چەند پێشتر بەرانبەر ئازادكردنی ئەوبیانییانە چەندین داواكاری خرابوونە ڕوو،لەگەڵ ئەوەی جێبەجێ نەكران، بەڵام بە هۆكاری مرۆیی و لەسەر داوای ئەو كەسایەتییانەی لەسەرەوە ناویان هاتووە، ئەو حزبە بڕیار دەدات و داوا لە نوێنەری پاپا و خاچی سووری نێودەوڵەتی دەكات لەكاتی ڕادەستكردنییان لە خاڵێكی سنووری نێوان ئێران و توركیا ئامادەبن بۆ ئەوەی هەموو بارمتە بیانییەكانی لای خۆی ئازاد بكات (أخبار كردستان، ع: 119، أوسط أب 1984، ص 5). هەر لەو بەیاننامەیە (پ.د.ك) چەند پێشنیازێك بۆ ئەو كەسایەتی و ڕێكخراوانەی داوای ئازادكردنی بارمتەكانیان كردبوو دەخاتە ڕوو، گرنگترینیان ئەمانە بوون:

1- ئازاد كردنی بەندكراوە سیاسییەكانی كورد لەلایەن حكومەتی عێراق و گەڕانەوەی كوردە دوور خراوەكان لە باشووری عێراق بۆ كوردستان.
2- لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە پاڵشتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كوردی بكەن.
3- هاوكاری مرۆیی و دەرمان پێشكەش بە بزووتنەوەی كوردی بكەن، هەروەها ڕێگە بە بریندارەكان بدرێت لە وڵاتانی ئەوروپی چارەسەر بكرێن.
4- ئاسانكاری بۆ بە پێدانی مافی بەنابەری سیاسیی بە تێكۆشەرانی كوردی عێراق بكرێت.

-5 هاوکاری قوتابیانی کورد بکرێت، بەتەرخانکردنی کورسی تایبەتی خوێندن لە زانکۆکانی وڵاتانی ئەوروپا، ئەوانەی بە هۆکاری تێکۆشانی سیاسی نەیانتوانییوە خوێندن تەواو بکەن (أخبار كردستان، ع: 119، أوسط أب 1984، ص 5). دوای بەدواچوونمان بۆ ئەم بابەتە، دەرکەوت هیچ وەڵامێکی ئەرێنی لەم بارەیەوە نەبووە .

دوایی ئەوەی هەموو بارمتە بیيانییەکان دەگەنەوە وڵاتانی خۆیان، لە ناوەندەکانی هەواڵ و ڕۆژنامەکانی جیهانی گرنگی بەو بابەتە دەدرێت. بۆ نموونە ئێوارەی 23/ تەموزی 1984 ڕادیۆی ئەڵمانیا بە زمانی عەرەبی، دەنگی ئەمریکا، ڕادیۆی لەندەن (بی بی سی) هەواڵەکە بڵاودەکەونەوە. هەروەها بۆ بەیانییەکەی ڕادیۆی نەمسا بەرنامەیەکی تایبەت لەسەر بارودۆخی بارمتەکان و گەڕانەوەیان پەخش دەکات، هەر لەو بەرنامەیە چاوپێکەوتن لەگەڵ نەمساوییەکی گەڕاوە بە ناوی (پیتر شتاکن) دەکات، ئەم گەڕاوە باس لە چۆنییەتی دەستگیرکردنەکەی و مامەڵەی (پ.د.ك) بەرانبەری دەکات. لەلایەکی تر ڕۆژنامەی (کرونا)ی نەمساوی بابەتێکی سەرەکی لە ژێر ناونیشانی (بەم جۆرە 37 ڕۆژ لە کوردستان ژیام) بڵاوکردەوە (أخبار كردستان، ع: 119، أوسط أب 1984، ص 5).

جگە لەوانەش پێشتر ئەو حزبە چەند بارمتەیەکی بیانی لای خۆی ئازاد کردووە بۆ نموونە لە 20/ حوزەیرانی 1984 (هانس کیلسن) ی سویسری و (وماريو ريفا) ی ئیتاڵی ئازاد دەکات (أخبار كردستان، ع: 119، أوسط أب 1984، ص 5).

جێگای ئاماژە بۆ کردنە هەموو کەسە بیيانییەکانی کە دەستگیر دەکران، لەبەر ئەوەی کەسی ئاسایی نەبوونە ئەمە وایکردووە بەرێزەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، دواتر بۆ مەکتەبی سیاسیی پارتی لە ڕاژان دەگوازرانەوە ، ئیتر ئەوان لەلای خۆیان لەبارەی ئازاد کردنییان گفتوگۆیان لەگەڵ وڵاتەکانیان یان کەسانی نێوەندگیر دەکرد (گفتوگۆ، جەرجیس حەسەن[9]، 2020/4/5). هەر سەبارەت بە مامەڵەکردنی پارتی لەگەڵ کەسە بیانییەکان، بەرپرسان لەو حزبە هەمیشە دڵنیایان لەڕێگەی چاوپێکەتن لەگەڵ ڕۆژنامەنووسە بیانییەکان یاخود لەڕێگەی دەزگا ڕاگەیاندنەکانی خۆیان داوە بە ڕای گشتی، کە لە شوێنی گونجاودان ڕێزی زۆریان لێدەگیرێت وەکو مێوان لای خۆیان سەیرکراون، ڕێگەدراوە نامە گۆڕینەوە هەبێت لەنێوان خۆیان و خانەوادەکانییان (کوتشیرا، 2014، ص 134)، هەروەها ڕێگە بە تیمی ڕۆژنامەوانی بیانی دراوە سەردانییان بکەن، بۆ نموونە لە ناوەڕاستی مانگی شوباتی 1984 دوو ڕۆژنامەنووسی فەڕەنسی (پاتریك شابويس، جاك هيرفي) سەردانی ناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستانی عێراق، لەسنووری لقی یەکی پارتی دەکەن، لەو سەردانەیان چاویان دەکەوێت بە چەند بیانییەك کە بارمتە بوون لایان، فلیمی دیکۆمێنتاری دەربارەی ژیانیان دروست بکەن، لەو ڕێگەیەشەوە باس لە خەباتی میللەتی کورد دژی حکومەتی عێراقی دەکەن، دواتر لەگەڕانەوەیان لە 3/10 هەمان ساڵ لە تەلەفزیۆنی فەڕەنسی پەخش دەکرێت، دوو ڕۆژ دوای ئەو ڕێکەوتە لە تەلەفزیۆنێکی سویسری بە هەمان شێوە بەخش دەکرێت و ڕاستی ڕووداوەکان وەکو خۆی بە ڕای گشتی جیهانی دەگەینن (خەبات (النضال)، ع: 551، کۆتایی نیسانی 1984، ل 16). بێ گومان ئەم جۆرە کارە ڕۆژنامەوانییانە بایەخ و گرنگی گەورەی لەو کاتەدا هەبوو، بەتایبەت شۆڕشی کورد بەگشتی لە باشووری کوردستان لە نێو ئابلوقەیەکی توندی ڕاگەیاندن بوو، بەم شێوەیە لە بەناوبانگترین ناوەندە ڕاگەیاندنەکانی ئەوروپا باس لە پرسی کورد بکرێت.

لە لایەکی دیکەوە (پ.د.ك) لە بڵاوکردنەوەکانی خۆی ڕاگەیاندووە گرتنی کەسانی بیانی هەرگیز بۆ دەسکەوتی ماددی نەبووە، بەڵکو شێوازێکە بۆ وروژاندنی دۆزی ڕەوای گەلی کورد لەڕێگەی دامودەگاکانی ڕاگەیاندن بە جیهانی دەرەوە، هەروەها بۆ شەرمەزارکردنی کردەوە چەوسێنەرەوەکانی حکومەتی عێراقی بەرانبەر گەلی عێراق و بەتایبەت گەلی کورد. (خەبات (النضال) ع: 550، ص 5، شوباتی 1984 ؛ أخبار كردستان، ع: 110، ص 5، 31/ 12/ 1983 ؛ أخبار كردستان، ع: 118، ص 3، تموز/ 1984).

وێڕای هەموو ئەوانەی تیشکی خرایە سەر، هاوڵاتییانی عەرەبیش لە وڵاتە جیاجیاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەشێك بووینە لە بارمتەکراوەکانی ناو هێزە سیاسییەکان، ئەوەتە لقی دووی (پ.د.ك) لە ڕێگەی چالاکییەکانیان لە ساڵی 1987، (17) کەسی میسری بە ڕەگەز عەرەب دەستگیر دەکەن، زیاد لە (7) مانگ بە بارمتە لەلایەن لقی ناوبراو دەمێننەوە، ئەو ماوە سوودیان لێیان وەرگرتوون بۆ کاروباری ناو بارەگاکانییان و هەروەها بۆ دروستکردنی خانوو و سەنگەرو پەناگا بۆ خۆ حەشاردان لە کاتی بۆمبارانکردنیان لەلایەن حکومەتی عێراقی. بەڵام بەهۆی ئەوەی سۆراغیان ناکرێت، بۆیە بەرپرسانی لق داوا لە مەکتەبی سیاسی خۆیان دەکەن بڕیاری ئازادکردنییان بدەن، بەڵام داواکانیان بێ وەڵام دەمێنێتەوە، دووبارە بە مەکتەبی سیاسی خۆیان ڕادەگەیەنن، ئەگەر بێت و ئازاد نەکرێن ئەوە پێویستە بارمتەکان ڕەوانەی بارەگای مەکتەبی سیاسیی بکرێن، ئەم فشارە دەبێتە هۆی ئەوەی بەبێ هیچ بەرامبەرێك ئازاد بکرێن، دواتر بەرپرسانی لق هاوکارییان دەکەن هەر یەکەو بە قاتێك جل و بەرگ و بڕێك پارە بۆ گەیشتنەوەیان بە بەغدا، لەوێشەوە لەڕێگەی ڕێکخستنە نهێنییەکانی خۆیانەوە هەواڵی ئەوەیان پێدەگات بۆ وڵاتی خۆیان گەڕاونەتەوە. (مەلا قادر، 2016، ل 84 – 85، 104 – 105).

**دووەم: بارمتەگرتن لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستان**

سەرەتای بە بارمتەگرتنی کەسانی بیانی لەلایەن (ی.ن.ك) لەسەر پێشنیازی (هۆمەر شێخ مووس)[10] بووە، بە بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەو حزبە دەست نیشان دەکرێت ناوبراو وەك خۆی دەڵێت: "ڕفاندن و دەستبەسەر کردنی پسپۆڕ و کارمەندە بیانییەکان هەر لە سەرەتادا ئەمە پێشنیازی من بووە بۆ مام جلال و مەکتەبی سیاسی" (ئەحمەد، 2018، ل 149).

سەرچاوەیەك پێی وایە ئەنجامی سەرکەوتووانەی ئەو چالاکییە لەگەڵ کاریگەری شێوازی خەباتی فەڵەستینییەکان، بوویتە هۆی ئەوەی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ك) لە کۆتایی نیسانی 1980 بڕیاری ڕفاندن و بە بارمتەگرتنی بیانییەکان کە لە کۆمەڵێك پڕۆژەی جیاجیادا کاریان دەکرد بدەن. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە یەکێتی هەر لەسەرەتاوە زۆر بە مەسەلە و ئەزموونی فەلەستینیەکان سەرسام بوون، بیرۆکەی بە بارمتەگرتنیش، هەر بەرهەمی ئەو سەرسامییە بوو (کوێستانی، 2018، ل137 و 139).

جێگای ئاماژە پێدانە لە گرتنی کەسانی بیانی جار وابووە لە بەبارمتەگرتنیان شۆڕش هیچ سوودێکی نەکردووە ، بەڵکو بووتە هۆی ئەوەی زیانێکی زۆر لەلایەنی گیانی بەر شۆڕش بکەوێت، بۆ نموونە دەستەیەك لە پێشمەرگە بە سەرپەرشتی (مامە ڕیشە)[11] لە 9/ ئابی 1980 نۆ کەسی ڕووسی دەستگیردەکەن، لە چەمی باسەڕە، هەواڵی گرتنی ئەو ڕووسیانە لەسەرەتادا بە خۆشییەکی زۆر لەلایەن سەرکردایەتی یەکێتی وەرگیرا، ئومێدی زۆریان لێکردوون، وێڕای سەپاندنی هەندێك مەرج بەسەر حکومەتی بەعسدا، دەنگدانەوەیەکی جیهانییش بە دوای خۆیدا دێنێت (چاوڕەش، 2014، ل 189 ؛ کوێستانی، 2018، ل 138)، بەڵام حکومەت بەهۆی ڕفاندنی ئەم ڕووسیانە گەورەترین لەشکرکێشی دەکاتە سەر ئەو هێزەی بارمتەکانی لا بوو، بە هالیکۆپتەر هەرچی ڕێگایە هێزی لێ دابەزاند، لە شەڕێکی قورسی نۆ کاتژمێری، (6) پێشمەرگە دەکوژرێن، (16) شیان بریندار دەبن، (2) لە بارمتە ڕووسەکان بەهەمان شێوە بریندار دەبن، بەو حاڵەش ڕادەستیان ناکەن، دواجار بەهۆی نەمانی فیشەك و پێداویستی سەربازی بەرپرسانی پێشمەرگە نائومێد دەبن، بۆیە بڕیاری ئازاد کردنیان دەدەن، حکومەت کاتێك دەزانێت ئازادکراون هەموو هێزە هێنراوەکان دەکشێنێتەوە (ئەمین، 1997، 168؛ چاوڕەش، 2014، ل 189 – 194).

لە کردەوەیەکی نهێنی لە هاوینی 1981 لەلایەن ڕێکخستنە نهێنیەکانی (ی.ن.ك) بە سەرپەرشتی (کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی) بە بیانووی خراپی باری ئابووری شۆڕش بڕی (180) هەزار دینار لە فەرمانگەی کشتوکاڵی هەولێر دەرفێندرێت، لەگەڵی دوو هاوڵاتی میسری یەکیان بەڕێوەبەری ژمێریاری و ئەوەی تر خەزنەدار دەبێت، دیارە مەبەستی سەرەکی ڕفاندنی ئەو دوو کەسە نەبووە، بەڵام بۆ ئەوەی لەکاتی لێکۆڵینەوە حکومەت هیچ زانیارییەکی دەست نەکەوێت، بڕیاری بە بارمتەگرتنی ئەو دوو هاوڵاتییە میسرییە دەدرێت (سەپان، 2018، ل 126 – 132).

لەبارەی شێوازای مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانی بارمتە لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر جیاوازی هەبووە، بۆ نموونە پێشمەرگەیەکی کۆمەڵە لە یاداشتەکانی باس لە کەسێکی عەرەبی میسری دەکات، لە چالاکییەك لەناو شەقڵاوە دەستگیری دەکەن، لەبەر شارەزانەبوونی لە ڕێکردن لەناو چیا و ڕێگە سەختەکان بارودۆخی تێکدەچێت، ئەمە وادەکات بەزەییان پێدابێتەوە و هاوکاری بکەن، دوای ئەوەی ڕێبازی شۆڕشی بۆ ڕووندەکەونەوە و ئازادی دەکەن (حاجی مەمۆ، 2018، ل 190).

جێگای سەرنجە (ی.ن.ك)شێوازێکی دیکەی وەکو تەکتیك بەکارهێناوە بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە بتوانێت دەنگدانەوەیەکی ڕاگەیاندن درووست بکات، بۆ نموونە هۆمەر شێخ مووس لە ساڵانی 1982 – 1983 لەگەڵ چەندین رۆژنامەنووسی ئینگلیزی، ئەڵمانی، ئیتاڵی قسە دەکات، لەگەڵیان ڕێکدەکەوێت بە شێوەیەکی فەرمی سەردانی عێراق بکەن، دواتر ئەوانیش وەکو (ی.ن.ك) ئاگاداری جموجۆڵەکانیان بن، بۆ ئەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان (یەکێتی) بیانڕفێنن، تا لە ئەوروپا نیشانی ڕای گشتی جیهان بدرێت ئەوان وەکو (ی.ن.ك) چەند بەهێزن لە ناو عێراقدا، لە ناو هەموویان تەنها (لورد کیلبراکنی) لە رۆژنامەی ئیڤنێنگ ستانداری بەریتانی دەتوانێت ئەو کارە بکات، بەڵام بەهۆی نەگونجانی کات بۆ ڕێکخستنی کارەکە چالاکی ڕفاندنەکە سەر ناگرێت (ئەحمەد، 2018، ل 160). شایانی باسە ئەوەش لەو سۆنگەیەوە سەرچاوەی گرتبوو کوردستانی عێراق بە درێژایی ساڵانی هەشتاکان بە تەواویی بە ڕووی ڕۆژنامەنووسانی بیانی داخرابوو، تەنها ڕێگا بە ژمارەیەکی کەمی پەیامنێران دەدرا، کە بە ڕێنمایی حکومەت دەگەڕان و هیچ ستەمر و داپڵۆسینێکی دانیشتوانیان دەرنەدەخست. (هێڵتەرمان، 2008، ل 114 – 115).

بەشێکی دیکە لە ئامانجی بەرپرسانی (ی.ن.ك) بەرانبەر ئازادکردنی بیانییەکان دەستخستنی پارە بووە، بۆ نموونە دوای ئەوەی چەند ئەندازیارێکی ژاپۆنی و ئەڵمانی دەرفێنن لە بڕی ئازادکردنیان داوای پارە دەکەن، تەناتەت یەك ملیۆن دۆلار لە بری ئازادکردنی ژاپۆنییەکە وەردەگیرێت، کە لەرێگەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بە دەست (ی.ن.ك) دەگات، ئەمە بۆ بەرپرسانی ئەو حزبە لە دەرەوە جۆرێك لە شەرمەزاری تێدابوو، بۆ نموونە (هۆمەر شێخ مووس) لە ساڵی 1982 لە دەرەوە سەرپەرشتی رێکخستن و پەیوەندییەکانی (ی.ن.ك) دەکات، باس لە شەرمەزاربوونی خۆی دەکات هەر کاتێك ڕۆیشتووە لەگەڵ ئەو وڵاتانە گفتوگۆ بکات کە

هاوڵاتییانیان لای حزبەکەی دەستبەسەرکراون، هەوڵی زۆری داوە تاکو بڕوا بە هەڤاڵانی لە سەرکردایەتی حزبەکەی بهێنێت، بەڵام زۆربەی هەرە زۆریان دژی ئەو بۆ چوونەی بوونە (ئەحمەد، 2018، ل ل 149- 150). نووسەرێك پێی وایە هەڵسوکەوتی (ی.ن.ك) لەگەڵ ئەم کێشەیە سیاسیانە و لۆجیکی نەبوو، چونکە بەرانبەر ئازادکردنیان داوای پارەی کردووە، ئەو سەرچاوەیە بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو بۆچوونەی خۆی نموونەی چوار ئەندازیاری ئەڵمانی دەهێنێتەوە لە 5ی حوزەیرانی 1981 لە شارەدێی لەیلانی نزیك کەرکوك دەستگیر دەکرێن، بەرانبەریان داوای پارەیان لە ئەڵمانیای فیدراڵ کردووە، یەکێتی کە دەزانێت ئەمە کارێکی نابەجێیە و گران بەسەر بزاڤی کورد دەشکێتەوە، هۆمەر شێخ موس لە نامەیەکدا بۆ فواد مەعسوم دەنوسێت با بە ئەڵمانەکان ڕابگەینێت کە ئەوان ئەو بڕە پارەیان بۆ خۆیان ناوێت، بەڵکو بۆ بنەماڵەی قوربانیانی بزاڤی کوردە، پاشان ئەڵمانەکان لەگەڵ یەکێتی لەسەر هەندێك بابەت بە نهێنی ڕێك دەکەون، داوایان کرد کە بارمتەکان ڕادەستی باڵوێزخانەی ئەڵمانیا لە تاران بکرێنەوە، جێگای سەرنجە یەکێتی لەو بابەتە ترسی هەبوو لەوەی بارمتەکان ڕادەستی حکومەتی عێراق بکرێتەوە بیانکوژێت، دواتر تاوانەکەی بخاتە ئەستۆی پێشمەرگە (نێروەیی، 2008، ل 253). لەگەڵ ئەوەش دەبێت ئەو ڕاستیە بگوترێت (ی.ن.ك) هەوڵی ڕفاندنی کەسانی بیانی ئەوانەی لە پرۆژەی ئاشتی کاریان کردووە نەداوە، بەڵکو تەنها ئەوانەی لە پرۆژەی سەربازی و ئەمنیدا کاریان کردووە کردۆتە ئامانج، هەر ئەمەش وای کردووە هەم بردنیان بە ڕەوا بزانێت هەم سەرانە وەرگرتنیش بەرانبەر ئازادکردنیان بەفەرز بزانێت.(ئەحمەد، 2015، ل 259). دەکرێت لێرە بگووترێت بۆچوونی دووەم لەم بارەیەوە لە ڕاستییەوە نزیکترە، چونکە هۆمەر شێخ موس کە زانیارییەکەی لێوەرگیراوە خۆی بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (ی.ن.ك) بووە و کاروبارەکانی بارمتەگرتن لە ئەستۆی ناوبراو بووە .

بە شێوەیەکی تریش (ی.ن.ك) سوودی لە بەبارمتە گرتنی بیانییەکان وەرگرتووە، وەکو ئەوەی بەدیاردەکەوێت هەندێك هاوڵاتی پۆڵەندی لە لایەن هێزەکانی (ی.ن.ك) بەبارمتە دەگیرێن، دوای ئەوەی لە سوید لەڕێگەی بەرپرسی پەیوەندییەکانیان چاویان باڵوێزی وڵاتی ناوبراو دەکەوێت، لە بڕی ئازاد کردنیان داوای دەرمان و کۆمەکی مرۆیی لەگەڵ ساڵانەش (5) زەمالەی خوێندنیان پێبدەن (ئەحمەد، 2018، ل 150).

شایانی باسە حکومەتی عێراق خۆی نەکرووە بە خاوەنی بارمتە بیانییەکان, ئامادەیی ئەوەشی تێدا نەبووە گفتوگۆ دەربارەیان بکات، هەروەها ئامادە نەبووە گۆڕینەوەشیان لەگەڵ کەسانی سەر بە (ی.ن.ك) بکات کە دەست بەسەر بوون لەلایەن حکومەتی عیراق (ئەمین، 1997، ل 167).

جێگای تێڕامانە کاری ڕفاندن و بە بارمتە گرتنی کەسانی بیانی جێگای ڕەزامەندی هەموو بەرپرسانی (ی.ن.ك) نەبووە بە تایبەتی ئەوانەی لە ئەوروپا لە ڕیزی ئەو حزبە خەباتیان کردووە، هەندێکیان بە هەڕەشەی وازهێنان و دەست لەکارکێشانەوە فشاریان خستۆتە سەر حزبەکەیان، (ئەمین، 1997، ل 168). لەوبارەیەوە هەڤاڵ کوێستانی لە یادداشتەکانی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات و دەڵێت: "سەیرەکە لەوەدابوو، هەمووان بە مەکتەبی سیاسیشەوە، لە بێهودەیی ئەو شێوازە چالاکیانە گەیشتبوون، کەچی تا ماوەیەکی زۆر دەستبەرداری نەبوون"، نووسەر بەردەوام دەبێت و دەڵێت: "ئەگەر ناڕەزایی ژمارەیەك لە بەرپرس و کادیرەکانی یەکێتی نەبووایە کە لە ئەوروپا دەژیان، ڕەنگە بەبارمتەگرتن وەك یەك لە شێوازەکانی خەبات هەر بەردەوام بوایە (2018، ل138). پێچەوانەی ئەو قسانە نەوشێروان مستەفا پێی وایە دەکرا بەرپرسانی دەرەوەی حزب باشتر هەوڵبدەن بۆ ئەوەی بە چاکترین شێوە سوودی لێ وەربگرن (ئەمین، 1997، ل 168).

سەبارەت بەوەی ئایا سەرکردایەتی (ی.ن.ك) تا چەند سوودمەند بووە لە ئەنجامی بڕیاردانی گرتنی کەسانی بییانی، نووسەرێك کە خۆی لە نزیکەوە ئاگاداری زۆرێك لە ڕووداوەکان بووە لەوبارەیەوە دەڵێت: "ئەوەی لەو بڕیارەدا جێی هەڵوەستە بوو، بەشی هەرە زۆری ئەوانەی لە دەرکردنیدا بەشـداربوون، ساڵانێك لە ئەوروپا ژیابوون... دەبووایە بیانزانیبا، ڕفاندن و بە بارمتەگرتن، کارێکی نایاساییە و دەچێتە خانەی تیرۆرەوە... بە گوێرەی یاسای نێودەوڵەتیش سزای قورسی بەدواوەیە"، لەگەڵ ئەوەش وێنەی بزووتنەوەی کورد لای خەڵکی ئەوروپا، ناشرین دەکات، وەك بزووتنەوەیەکی تیرۆرستانە بە دنیا دەناسێنی، لەوەش خراپتر بەردانیان بەپارە و شتی تر، دەچێتە خانەی کاری جەردەیی و چەتەگەرییەوە، نەك کاری شۆڕشگێڕانەی بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخواز و ڕەوا" (کوێستانی، 2018، ل 139). هەر ئەمەش وا دەکات وەکو ئەوەی دەردەکەوێت لە نامەیەکی تایبەتی کەمال فوئاد کە ڕێکەوتی 1985/8/17 لەسەرە، تایبەت بە ڕفاندنی کەسانی بیانی بۆ جەلال تاڵەبانی نوسیویەتی:" سەرۆکی پێشووی وڵاتی ئەهوەجی (مەبەست لێی وڵاتی نەمسا)[12]یە دەڵێت: "من وا ئەزانم لەناو کوردا کەسانی واهەن ئەیانەوێت ئەو دۆستە کەمەی هەیەتی ئەویش نەمینێت". (وەرگیراوە لە: ئەحمەد، 2015، ل 259).

بەڵام سەرچاوەیەکی دیکە بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونەی سەرەوە پێی وایە ئەو جۆرە کارانە پێش (ی.ن.ك) لەلایەن بزووتنەوە شۆڕشگێڕەکانی تری جیهان کرابوون، تاڕادەیەکیش کاری ژێر بەژێر بوون. دەربارەی پارە وەرگرتنیش هەر ئەو کەسە کە ئەندامی مەکتەب سیاسیی و بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەو حزبە بووە لە زۆرێك لە گفتۆکان تایبەت بە ئازادکردنی بارمتەکان بەشدار بووە دەڵێت: "باوەڕبکە بۆ وەرگرتنی پارە بەرانبەر بە ئازادکردنی ئەو کەسانە هەستم بە سووکایەتی دەکرد و تا بە ئەمڕۆش دەگات، گۆڕینەوەی بارمتە بە پارە ڕەتدەکەمەوە و بۆ منیش زۆر جێگای شەرمەزاری بووە" (ئەحمەد، 2018، ل 159).

**5. ئەنجام**

لە چــوارچـێوەی ئـەم تـوێــژینـەوەیــەدا گەیــشـتیـنە چـــەنــــد ئـــەنــجــامـــێـك:

1- دیاردەی بارمتەگرتن دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول و دروست بوونی فرە حزبی لەسەر گۆڕەپانی سیاسیی باشوری کوردستان وەکو دیاردەیەکی بەرچاو لەلایەن ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکان پەیڕەوکراوە.
2- لایەنێکی دیاریکراوی بارمتەگرتنی کەسانی بیانی شکانی ئەو ئابڵوقە ڕاگەیاندنە بووە کە لەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی لە ئارادا بوو، بەمەبەستی گەیاندنی دەنگی بزووتنەوەکە بە جیهانی دەرەوە و دروستکردنی پەیوەندی بووە بە وڵاتانی ڕۆژئاوا.
3- ئامانجێکی دیکەی بارمتەگرتن دەست خستنی لایەنی ماددی بووە،بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە وەکو پاڵپشتیەك درێژە بە تێکۆشانیان بدەن.
4- خاڵێکی نەرێنی لە دیاردەی بە بارمتەگرتن کە بەرچاو دەکەوێت بریتیە لەوەی کاتێك وڵاتانی ڕۆژئاوا ئەم کارەیان دەخستە چوارچێوەی کاری تیرۆرستی، لەو سۆنگەیەوە هەندێکیان ئامادەنەبوون ڕاستەوخۆ بکەونە دانوستان لەگەڵ لایەنە کوردییەکان لەبەر تێك نەچوونی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ حکومەتی عێراقی.
5- لایەنی مرۆیی کاریگەری بەرچاوی جێهێشتبوو لەسەر ئازادکردن و ڕادەستکردنەوەی بارمتەکان بە وڵاتەکانیان.
6- بەشێوەیەکی گشتی ئەم کردەیە بۆ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد هەم خاڵی ئەرێنی هەبووە کە خۆی لە گەیاندنی دەنگی کورد بە ناوەندە سیاسییە جیهانییەکان دەبینییەوە، لە هەمان کاتیشدا وەکو لایەنێکی نەرێنی بەسەر بزاڤی کورد دەشکایەوە، ئەویش لەو سۆنگەیەوە کە زۆربەی ولاتانی رۆژئاوا بۆ بەرژەوەندی خۆیان پشتگیریان لە حکومەتی عێراق کردووە .

**6. پەراوێزەکان :**

---

(1)کەمال فوئاد: ساڵی 1932 لە سلێمانی لە دایکبووە، ساڵی 1952 دەچێتە ڕیزی پارتی کۆمەنیستی عێراق، دووساڵ دواتر دەبێتە بەرپرسی لقی کوردستانی پارتی ناوبراو، لە 1957 واز لە پارتی کۆمەنیست دەهێنێت، دەچیتە ڕێزی (پ.د.ك) هەر لەو ساڵە دەچێتە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، درێژە بەخوێندن دەدات بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا لە زمانی کوردی بە دەست دەهێنێت. لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو ڕۆڵێکی کارا لە ڕابەرایەتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد دەبینێت لە ئەوروپا. دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول یەکێك دەبێت لە دەستەی دامەزرێنەرانی (ی.ن.ك)، لە 1977 بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی لەسەر هێڵی گشتی هەڵدەبژێردرێت، لە ساڵی 1982 لە کۆنفڕاسی یەکەمی ڕێکخراوی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان خۆی هەڵنابژێرتەوە. لە 1992 دەبێتە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی (ی.ن.ك)، 2001 دووبارە دەبێتەوە ئەندامی مەکتەب سیاسیی، لە نێوان 2002 – 2005 دەبێتە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان. لە ساڵی 2014 لە شاری بەرلین کۆچی دوایی دەکات هەر لەوێش بە خاك دەسپێردرێت (ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ب 1، 2016، ل 984 – 986).

(2)خالید گەرمیانی:ناوی تەواوی جەمال کەریم محەمەد لە ساڵی 1955 لە گوندی کوردە میری حاجی حوسێنی ناوچەی پێباز لە گەرمیان لەدایکبووە، ناوبراو لە ساڵی 1974 ئەندامی پارتی کۆمەنیستی عێراقی بوو، بەڵام دواتر وازی لەو حزبە هێناوە، لە ساڵی 1977 هاتووتە ڕێزی پێشمەرگەکانی (ی.ن.ك) کردووە، هەر لەو ساڵە دەکرێتە فەرماندەی مەفرەزە و دەنێردرێتە ناوچەی گەرمیان، لە 8ی کانوونی یەکەمی 1980 لە گوندی قازانقایەی قەرەداغ دەکەوێتە بۆسەی هێزێکی گەورەی عێراقی، دەکوژرێت (ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ب 1، 2016، ل 397).

(3)دارا حاجی ئیبراهیم چەرمەگا: کوڕی کەسایەتی دیاری شاری سلێمانی ئیبراهیم ئاغای چەرمەگایە سەرۆك هۆزی عوزێری، لە ساڵانی پەنجاکان لە گەڕەکی چوارباغی سلێمانی لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە، لە نێوان 1976 – 1979 ئەندامی ئەنجوومەنی یاسادانان و جێبەجێکردن بووە [ئەم ئەنجوومەنە حکومەتی عێراق دوای تێکچوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی 1974 تاك لایەنە دروستی کرد]، لە ساڵی 1986 پەیوەندی بە ڕیزەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کردووە، ئێستا لە گوندی قازیاوەی نزیك شاری سلێمانی نیشتەجێیە (پەنجەمۆر، 16/ 2/ 2020).

(4)بۆ بینینی ناوی تەواوی بارمتەکان بڕوانە: ئاڵای سووری کوردایەتی، گۆڤار، ژ (3)، نیسانی 1981، ل 41 – 43.

([5])ملازم شوان: ناوی ڕاستەقینەی (عەبدولهیلال حەمەدئەمین عەبدوڵا)، لە ساڵی (1950) لە لە شارەدێی شوان لە سنووری پارێزگای کەرکوك لە دایك بووە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی، دواناوەندی لە کەرکوك تەواو کردووە، دوای بەیاننامەی (11/ئازار/1970)لە سەر پشکی (پ.د.ك) لە کۆلێژی سەربازی لە بەغدا وەردەگیرێت، دوایی سێ ساڵ کۆلێژ تەواو دەکات، ساڵی (1974) پەیوەندی بە ڕێزەکانی پێشمەرگەی شۆڕشەوە دەکات، بەشداری لە شۆڕشی ئەیلول دەکات و بریندار دەبێت، دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول ڕۆڵی دەبێت لە دامەزراندنی (پاسۆك)، دوای دروستبوونی یەکەم مەفرەزەی پاسۆك لە ساڵی (1979) دەڕواتە شاخ، دەبێتە پێشمەرگە، سەرکردایەتی چەندین چالاکیی سیاسیی و سەربازی لە شاخ و شاردا دەکات، لە یەکەمین کۆنگرەی پاسۆك لە (1991) لە قەڵاچۆالان، بە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی هەڵدەبژێردرێت، ئێستا لە شاری سلێمانی نیشتەجێیە (فەقێ، 2018، پەراوێزی ژمارە 1، ل 131).

([6])شێخ جەعفەر: ناوی تەواوی جەعفەر عەبدولکەریم حسێن بەرزنجی یە، ساڵی 1939 لە ناوچەی قادرکەرەم لە دایکبووە. دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی سەربازییە، بۆ یەکەم جار وەکو فەرمانبەر لە فەرمانگەی کارەبا لە شاری سێلێمانی دامەزراوە، ساڵی 1976 دەبێتە بەڕێوەبەری شارەوانی قەزای دوکان، لە 1977 دەبێتە بەڕێوەبەری شارەوانی سلێمانی بە وەکالەت، دواتر دەبێتە جێگری پارێزگاری سلێمانی، پاشان پۆستی پارێزگاری سلێمانی وەردەگرێت تاکو 1989/9/9 لە پۆستە دەمێنێتەوە، دوای ئەمە دەبێتە سەرۆکی ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستانی عێراق، دوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991 کوردستان بە جێدەهێڵێت و دەچێتە بەغدا، ئێستا لە ژیاندا ماوە لە دەرەوەی عێراق دەژی. (محەمەد، 2016، ل 123).

([7])ساڵی 1953 لە ناوچەی زاویتەی دهۆك لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە دهۆك تەواو کردووە، ساڵی 1976 پەیمانگای کشتوکاڵی زاخۆ تەواو دەکات، بە هۆکاری سیاسیی لە 1976 – 1979 لەلایەن حکومەتی عێراقی زیندانی دەکرێت، لەگەڵ هاتنەسەر دەسەڵاتی سەدام حوسێن بەر لێبوردنی گشتی دەکەوێت و ئازاد دەکرێت، لە 1981 پەیوەندی بە ڕیزەکانی (پ، د. ك) دەکات دەبێتە پێشمەرگە، لە ئێستادا بەرپرسی مەکتەبی ڕێکخستنەکانی لقی (14) حزبی ناوبراوە، لە دهۆك نیشتەجێیە. ( پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ ناوبراو 2020/4/20 )

([8])جەرجیس حەسەن: ساڵی 1946 لە گوندی خەنس سەر بە قەزای شێخانی پارێزگای موسڵ لەدایکبووە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی، ئامادەیی دواتر بەشی مێژووی لە زانکۆی موسڵ تەواو کردووە، سەرەتا دەچێتە ڕیزەکانی (ی. ق. ك)، ساڵی 1976 لە مۆسکۆ بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا لە بواری مێژوو بەدەست دێنێت، پاشان دەچێتە نەمسا دەبێتە کارگێری لقی ئەوروپای (پ.د.ك)، ساڵی 1979 لە کۆنگرەی نۆی (پ.د.ك) بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێ، ساڵی 1980 دەبێتە بەرپرسی لقی یەکی هەمان حزب، ساڵی 1983 دەبێتە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی، 1996 – 2000 لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێتە وەزیری پەروەردە، لە 2002 – 2010 دەبێتە بەرپرسی چاودێری دارایی، ئێستا لە دهۆك نیشتەجێیە. ( پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ ناوبراو 2020 /4/5).

([9])هۆمەر شێخ مووس: ساڵی 1942 لە شاری عامودای ڕۆژئاوای کوردستان لە دایك بووە، لە ساڵی 1962 دەچێتە ئەوروپا لە وڵاتانی وەکو ئەڵمانیا، بەریتانیا، سوید، هەروەها لە ئەمریکاش ژیاوە. 1958 دەبێتە ئەندام لە (پ.د.ك – سوریا). 1970 – 1974 بووە بە سکرتێری لقی سویدی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، لە 1972 بڕوانامەی ماستەری لە سوید بەدەستهێناوە. ساڵی 1975 یەکێك بووە لە دەستەی دامەزرێنەرانی (ی.ن.ك). دوو ساڵ دوایی ئەوە دەبێتە نوێنەری یەکێتی لە ئەمریکا، ساڵی 1980 بە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی هەڵدەبژێردرێت. لە 1981 – 1986 دەبێتە بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتی، 1986 واز لەو حزبە دەهێنێ، دەبێتە مامۆستای زانکۆ لە سوید. (ئەحمەد، 2018، ل 9 – 10).

([10])مامە ڕیشە: ناوی تەواوی (نەجمەدین مامر شوکر)ە ساڵی 1953 لە گوندی تاڵەبان لە سنووری چەمچەماڵ لە دایك بووە، 1973 پەیوەندی بە ڕێکخراوێکی فەڵەستینی کردووە، لە ساڵی 1978 پەیوەندی بە هەرێمی 5ی قەرەداغ کردووە بووەتە پێشمەرگەی (ی.ن.ك)، ساڵی 1982 کرایە بە فەرماندەی کەرتی 4ی جەباری، لە 24ی کانوونی دووەمی 1985 لە گوندی حەسەن ئاوای سنووری کەرکوك دەکوژرێت. (ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ب 1، 2016، ل 1049).

(11) لە نامەکە کۆمەڵێك وشە بە شێوەی هێما نووسراوە، دوای ئەوەی لە ڕێکەوتی 2020/7/28 لەڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنییەوە پەیوەندیمان بە (نەوزاد عەلی ئەحمەد) کرد، کە شارەزاییەکی باشی لە ئەدەبیات و ئەرشیفی (ی.ن.ك)هەیە، توانی ئەو هێمایانە ڕوون بکاتەوە. ناوبراو لە ساڵی 1964 لە هەولێر لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی، ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردووە، بەشی کوردی لە زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر تەواو کردووە، ساڵی 2000 ماستەری لەهەمان بوار لە زانکۆی سلێمانی وەرگرتووە، ئێستاش قوتابی دکتۆرایە لەهەمان بوار و هەمان زانکۆ. خاوەنی (77) کتێبی چاپکراوە بەشێوەی نووسین و کۆکردنەوە و ئامادەکردن. لە کۆنفراسە زانستییەکانی چەندان زانکۆ بە بابەتی ئەکادیمی بەشدار بووە. ئێستا لە هەولێر نیشتەجێیە. ئێستا ڕاوێژکارە لە پەرلەمانی کوردستان(چاوپێکەوتن لەگەڵ: نەوزاد عەلی ئەحمەد لە ڕێکەوتی 2020/7/28).

## 7. لیستی سەرچاوەکان:

**یەکەم - بەزمانی کوردی:**

- ڕەباتی، ئاسی (1990)، هەڵوێستی یەکێتی و تاڵەبانی دەربارەی شۆڕشی کوردستانی باشوور، بەشی یەکەم، چاپی دووەم، سوێد .
- تەنیا، ئیسماعیل(2019)، حزبی سۆسیالیستی کوردستان کانوونی دووەمی 1976 – 1993 (هەڵکشان ... داکشان ... پەرتەوازە بوون)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- تەیب، جەمال فەتحوڵڵا (2012)، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستان (21/ 3/ 1975 – 28/ 11/ 1980)، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
- مەکداول، دەیڤد(2005)، مێژووی هاوچەرخی کورد، و: ئەبوبەکر خۆشناو، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- فەقێ، زانا(2018)، پارتی سۆشیالیستی کورد – پاسۆك (1975 – 1991)، ب.ش .

- ئیروەیی، عەلی تەتەر (2010)، سیاسەتی حكوومەتی عێراق لە كوردستان لە سایەی بەڵگەنامە فەرمییەكاندا 1975 – 1991، بەرگی یەكەم، چاپخانەی زانكۆی دهۆك، دهۆك .
- ..................................، (2008)، بزاڤی ڕزگاریخوازی كورد لە كوردستانی عێراق لە ساڵەكانی جەنگی عێراق و ئێران دا (1980 – 1988)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- كۆچێرا، كریس (2002)، بزوتنەوەی نەتەوەی كورد و هەوڵی سەربەخۆیی، و: ئەكرەمی میهرداد، بەرگی یەكەم، سەنتەری چاپ و پەخشی تەما، سلێمانی .
- ڤەكۆلەران، كومەكا (2019)، سیاسەتا بەریتانیا ل هەمبەر كێشەیا كوردی، سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی .
- كوردستانی نوێ، نەوزاد عەلی ئەحمەد، كەمال، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی، 2015.
- سەپان، مەغدید( 2018) كۆسرەت ڕەسول (خەبات و ژیاننامە)، چاپخانەی هێڤی، هەولێر .
- ئەحمەد، نەوزاد عەلی (2018)، پشكۆیەك لە خۆڵەمێشدا، چاپی دووەم، چاپخانەی كارۆ، سلێمانی .
- هێڵتەرمان، یوست (2008)، كارێكی ژەهراوی ئەمەریكا و عێراق و گازبارانی هەڵەبجە، و: محەمەد حەمەساڵح تۆفیق، چاپخانەی كۆمپانیای ئاوێنە، سلێمانی .

**دووەم - بە زمانی عەرەبی:**

- كوتشيرا، كريس (2014)، مسيرة الكرد الطويلة، ترجمة: ديانا حيب حرب، دار الفارابي_ بيروت_ لبنان، دار أراس_ أربيل _ أقليم كردستان العراق .

**سێیەم - یاداشت و بیرەوەری:**

- نەجمەدین، پشكۆ (2019)، ئەزموون و یاد، كتێبی یەكەم، چاپی پێنجەم، چاپخانەی هەژار موكریانی .
- ........................، (2019)، ئەزموون و یاد، كتێبی دووەم، چاپی پێنجەم، چاپخانەی هەژار موكریانی .
- ڕێباز، قەندیل بەغدای هەژاند، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2017.
- حاجی مەمۆ، (2018)، ئەو رۆژ و شەوانەی لەبیرم ناچنەوە، زنجیرەی دووەم، ب.ش، كوردستان .
- محمود، عاصی حوسێن(2017)، بیرەوەری پێشمەرگەیەك، چاپخانەی ئاڤێستا، كەركوك .
- قادر، محمد ملا (2016)، ساڵێك لە شێخ وەسانان و یاداشتەكانی رۆژانی ئاوارەیی لە ئێران، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- چاوڕەش، مستەفا (2014)، یادەوەرییەكان، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی .
- محمود، محمد حاجی(ب.س)، رۆژمێری پێشمەرگەیەك، بەرگی یەكەم، ب.ش.
- محمد حاجی محمود، رۆژمێری پێشمەرگەیەك، بەرگی دووەم، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، 2001.
- ئەمین، نەوشیروان مستەفا (1997)، پەنجەكان یەكتری ئەشكێنن دیوی ناوەوەی رووداوەكانی كوردستانی عیراق 1979 – 1983، بەرلین – ئەڵمانیا .
- كوێستانی، هەڤاڵ (2018)، ئەو ڕۆژانەی نیستیمان هی هەمووان بوو، چاپی دووەم، چاپخانەی كارۆ، سلێمانی .

**چوارەم - ڕۆژنامە و گۆڤارەكان:**

- أخبار كردستان، "ڕۆژنامە"، ع (61)، 10/ 3/ 1982.
- أخبار كردستان، "ڕۆژنامە"، ع (81)، 11/ أيار/ 1982.
- أخبار كردستان، "ڕۆژنامە"، ع (86)، 24/ 6/ 1982).
- خەبات (النضال)، "ڕۆژنامە" ژ: 549، كانوونی دووەم/ 1984.
- خەبات (النضال)، "ڕۆژنامە"، ع (550)، شوبات/ 1984).
- خەبات (النضال)، "ڕۆژنامە" ژ: 556 – 557، مارت و نیسان/1985).
- ئالای سوری كوردایەتی، "گۆڤار"، ژ (3)، نیسانی 1981.
- قادر رەشید (ئەبو شوان)، لە بیرەوەرییەكانی پێشمەرگایەتیمدا، بەسەرهاتی دڵتەزێنی دوو دیلی ئەڵمانی لە كەڕەژاڵ، هاڤیبوون "گۆڤار"، ژ (11)، 2002.

**پێنجەم - بەرنامە تەلەفزیۆنییەكان:**

- تەلەفزیۆنی ڕووداو، بەرنامەی پەنجەمۆر، چاوپێكەتن لەلایەن كاوە ئەمین لەگەڵ مولازم شوان، بەشی دووەم، 2017، https//www.youtube.com/watch?v=uU40texVf4M&feature=share
- تەلەفزیۆنی ڕووداو، بەرنامەی پەنجەمۆر، چاوپێكەتن لەلایەن كاوە ئەمین لەگەڵدارا حاجی ئیبراهیم چەرمەگا، بەشی دووەم، 2020/2/22.
- تەلەفزیۆنی ڕووداو، بەرنامەی پەنجەمۆر، چاوپێكەتن لەلایەن كاوە ئەمین لەگەڵ دارا حاجی ئیبراهیم چەرمەگا، بەشی یەكەم، 2020/2/16.

**شەشەم - گفتوگۆ وچاوپێكەوتنەكانی توێژەر:**

- لەگەڵ (مولازم شوان) لەرێگەی نامەی ئەلكترۆنی، 2020/3/11.
- لەگەڵ (د. جەرجیس حەسەن)، لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنی، 4/5/ 2020.
- لەگەڵ (سدیق زاویتەیی)، لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنی، 2020/4/20.
- لەگەڵ (نەوزاد عەلی ئەحمەد) لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنی، 2020/7/28.

**حەوتەم - نامەی زانكۆیی بڵاونەكراوە:**

- محەمەد ،بەشدار عەبدولمەجید فەتاح (2016)، پارێزگای سلێمانی 1979 – 1988، نامەی ماستەر، زانكۆی سەلاحەددین، كۆلێژی ئاداب، هەولێر .

**ئینسكلۆپیدیا:**

- ئینسكلۆپیدیای یەكێتی نیشتمانی كوردستان،بەرگی یەكەم، چاپخانەی حمدی، سلێمانی، 2016.

**ظاهرة الرهينة من قبل الاحزاب السياسية في جنوب كردستان 1980 – 1988**
**(ح.د.ك) (أ.و.ك) (پاسوك) نموذجا**

**كاروان جوهر محمد**
جامعة صلاح الدين/ اربيل-كلية الاداب- قسم التاريخ
karwan.mohammad@su.edu.krd

**بارزان محمد على**
جامعة صلاح الدين/ اربيل-كلية الاداب- قسم التاريخ
barzan.ali@su.edu.krd

**ملخص**

إنّ مسألة الرهينة أو الرهن ظهرت بشكل كبير من بين القوى السياسية في جنوب كردستان بعد سنة ١٩٨٠في ظروف سياسي صعب و عصيب، وذلك بإستغلال الاوضاع غير مستقرة آنذاك بسبب الحرب العراقي -الايراني، إذ تسرب ظاهرة الرّهنُ الاشخاص الحزبي والعسكري العراقي والمختصين الاجانب الى داخل الاعمال والنشاطات الاحزاب المنظمات السياسية في جنوب كردستان، ولاسيما بعد ظهور نظام تعدد الحزبي، إذ تسللت الرّهن كظاهرة شائعة نحو برنامج وعمل القوى السياسية في جنوب كردستان، بذلك انخرط كل من الجهات السياسية الى هذا العمل بأسباب مختلفة، ولكن المبرر الحصار الاعلامي التي فرضت على الحركة التحررية الكردية وايجاد عرقلة من قبل الحكومة العراقية تعد من الحُجج و المبررات الأساسيةو الشاملة لهذا الموضوع، لِأن رأو انهم تستطيعوا عن طريق سياسة رهن المواطنين ايصال صوت ثورتهم الى الرأيُ العام العالمي، والجدير بالذكر إن هذه الظاهرة قد انتهت مع حملات عملية الانفال.

**كلمات الافتتاحية**: الرهن، القوي السياسية، الحوار، المذكرة، الاطلاق.

**The phenomenon of captive from political parties in Southern Kurdistan between 1980 – 1988 namely (PDK) (PUK) and (PASOK)**

**Karwan jawhar mohammad** **barzan Muhammad ali**
Department of History - College of Arts / Salahaddin University-Erbil
karwan.mohammad@su.edu.krd barzan.ali@su.edu.krd

**Abstract**

The issue of custody among political parties in the south of Kurdistan has started in a harsh and complicated environment after 1980. This happened due to the (Iraqi- Iranian) war, to an extend that taking someone under custody from politicians, Iraqi soldiers or foreign experts has spread into the duties and activities of political parties and organizations in the south of Kurdistan. That happened especially after establishing multi-party system. This phenomenon, as a common activity, has spread into the agenda of political parties and organizations in the south of Kurdistan. Thus each party was doing this action through many various reasons. However, the press attack reason on Kurdish Freedom System and making a barrier by Iraqi government is a general reason for this issue. This is because they thought their uprising voice can be reached to the world through taking western civilians under custody. It is worth mentioning that this phenomenon has come to an end completely by the early upcoming of Anfal processes.

**Key words:** custody, political authorities, communication, memorandum, release.